# هەرەسی بەفر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

تونجەر جویجەنئۆغڵو

# هەرەسی بەفر

بەکر شوانی

لە تورکییەوە وەری گێڕاوە



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: هەرەسی بەفر – شانۆنامە
نووسینی: تونجەر جویجەنئۆغڵو
وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٥٥
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٧ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# هەرەسی بەفر لە تورکیا

دانا ڕەئووف

نووسەری تورکی تونجەر جویجەنئۆغڵو لە شانۆنامەی "هەرەسی بەفر"دا و لە تێڕوانینی ڕووداوێکی سروشتییەوە ڕووبەڕووی ترسی مەرگ و لە باربردنی ئازادی و سنووردارکردنی سەربەستیی مرۆڤمان دەکاتەوە. نووسەر دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە گومانی هەیە هەرەسی بەفر تەنیا ڕووداوێکی سروشتی بێت، بگرە هەرەسی بەفر بووەتە سیمبولێکی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

(ترس) گرێکوێرەی ئەم شانۆنامەیەیە، ترسێکی گەورە و بەهێز کۆمەڵگەیەکی بە درێژاییی مێژوو، نەوە لە دوای نەوە گەمارۆ داوە. تونجەر جویجەنئۆغڵو بۆ دەستەبەرکردنی ئەم هێزە تۆقێنەرە، سێ نەوەی لە ماڵێکدا کۆ کردووەتەوە، هەموویان دووچاری ئەم بەڵایەن و لە ترسێکی بەردەوامی کوشندەدا دەژین. ڕابردووش لە گێڕانەوەیەکی وردی چنراودا، لە ڕاڕەوە تاریکەکانی ترسدا، لە یادەوەری و بیرەوەرییەکاندا ئامادەگیی بەردەوامی هەیە.

کەسایەتیی "پیرەمێرد" ڕابردووی خۆی و کارەساتەکانی و ئەو چیرۆکە تراجیدییەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەنجوومەنی پیران و سەرۆکی دادگایەکی کۆمەڵایەتی، کە هێماگەلی دەسەڵاتن، براکەیان کوشتووە، هەر لەبەرئەوەی ویستوویەتی هاوار بکات. «بەڵام ئەگەر لە من بپرسن، کار جوودا بوو، مردنی کاکم لە خۆوە نەبوو. کوشتیان!



بێبەزەیییانە لە ناویان برد!» "شانۆنامەی هەرەسی بەفر."

لەم شانۆنامەیەدا هاوار، هێماگەلی شۆڕش و یاخیبوون و بەرپەرچدانەوەیە، لە هەمان کاتدا هاوار بووەتە دەروازەیەک بۆ ترسێکی گەورە و ژیانی لە بەستەڵەکێکی سەختدا بەند کردووە. پیرەمێرد کە کەسایەتییەکی گرینگی ئەم شانۆنامەیە، دەڵێت «ترس مرۆڤ لە بن دەهێنێت. لە ناوی دەبات. ترس کرمێکە و لەبەرەوە مرۆڤ دادەڕزێنێت.» "شانۆنامەی هەرەسی بەفر."

ئەگەر کەسێک لەو کاتە دیاریکراوانەدا کە بەفرێکی زۆر باریوە، پێ بکەنێت، بەدەنگی بەرز بدوێت، یان هاوار بکات، ئەوە سروشت تووڕە دەبێت و بەفرەکە هەرەس دەهێنێت و هەموو گوندەکە/شارەکە دەبێت بە ژێرەوە و ژیان کۆتایی پێ دێت. هەر لەبەر ئەوەشە هەموو کەسێک بەرپرسیارە، تەنانەت ئەگەر منداڵەکەی خۆشت بیەوێت هاوار بکات، دەبێت ڕادەستی دەسەڵاتداران "ئەنجوومەنی پیران" بکرێت، تا بتوانن ڕێگە لەو هاوارە بگرن.

ئافرەتان نابێت منداڵەکانیان پێشوەخت لە دایک ببن، چونکە زریکەی منداڵ و هاواری ئافرەتی دووگیان لە کاتی منداڵبووندا دەبێتە هۆی مەرگی هەموو کۆمەڵگە. بەپێی داوونەریتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، دەبێت بووک و زاوا چوار مانگ دوور بکەونەوە لە یەک و دەستیان بەردەستی یەکتری نەکەوێت، شەوی پێکگەیشتن لەوانەیە ببێتە کارەسات و هەر لەبەر ئەوەشە پێشوەخت دەبێت بەر لە هەموو شتێکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕوان نەکراو بگیرێت. ئەگەر هەر ئافرەتێکیش بەر لەم کاتە دیاریکراوانە ئاوس بێت، ئەوە دەبێت پێش لەدایکبوونی منداڵەکەی و بە کۆرپەی ناو سکییەوە زیندەبەچاڵ بکرێت. پیاوە گەنجەکەی ئەم خێزانە پەیڕەوی هەموو ڕێساکانی کردووە، بەڵام ژنە

سکپڕەکەی بەر لە وادەی خۆی بە مانگێک ژان دەیگرێت و لە ئان و ساتی منداڵبووندایە. مامان دێت و دواتر سەرۆک و ئەندامانی دەستەی بڕیاردەری کۆمەڵگەش دێن و هەر لەوێدا بڕیاری زیندەبەچاڵکردنی ژنە گەنجە دووگیانەکە دەدەن.

خاڵی وەرچەرخان لە هەڵوێستی «پیاوە گەنجەکە» نەوە نوێیەکەدایە و سەرپێچی لەم بڕیارە دەکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەستە حکومڕەوایەش پیاوە گەنجەکە پەلاماری چەک دەدات تا ژیانی ژنەکەی و منداڵە چاوەڕوانکراوەکەشی بپارێزێت. پیاوە گەنجەکە سەرپێچی لە یاساکان دەکات، ژنەکەی منداڵی دەبێت، منداڵە تازە لە دایکبووەکەی، کە ڕووناکیی دنیا دەبینێت، دەزریکێنێت و بەفرەکەش هەرەس ناهێنێت. وەک چۆن بەفرەکە هەرەس ناهێنێت و دەتوێتەوە، ئەفسانەی ترس و ڕێساکانی داوونەریت و سیستەمی دەسەڵاتێکی بەهێز و توندوتیژیش وەک بەفرەکە دەتوێتەوە.

پیرەمێرد بەردەوام چیرۆکی چۆنییەتیی مردنی، یان لە ناوبردنی برا گەورەکەی دەگێڕێتەوە، لە ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیەدا ڕابردوو دەبەستێتەوە بە ئێستاوە و پەردە لە ڕووی کرداری پاسەوانەکان هەڵدەماڵێت و دەزانێت چی ڕوو دەدات، هەر پیرەمێردە لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا دەیەوێت بە هاوارێک تۆڵەی برا گەورەکەی بکاتەوە. پیرەمێرد «سەرەڕای هەوڵی پیرەژن بۆ ڕێ لێگرتنی، پەلاماری تفەنگی دەستی پیاوی گەنج دەدات و دەرگە دەکاتەوە. هاوارێکی زۆر سەرنجڕاکێش دەکات» هۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ! «پاش تاوێک دەنگدانەوەی هاوارەکەی دەبیسترێت. ئەمجار تفەنگ دەتەقێنێت. دەنگدانەوەکەی دێتە بەرگوێ. چاوەڕوانیی پڕ لە نیگەرانی نامێنێت و شوێن بۆ نیشانەکانی شادمانی خاڵی دەکات. لە دەرەوە دەنگی تەقەی تفەنگ دێت و ئاوێتەی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەبێت.» "شانۆنامەی هەرەسی بەفر."

نووسەر بۆ بەرجەستەکردنی پێوەندییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، سێ نەوەی یەک خێزانی لە ناو یەک ماڵدا کۆ کردووەتەوە؛ باوک و کوڕ، کوڕ و باپیرە، باوک و دایک، دایک و کوڕ، باپیرە و داپیرە... و پێوەندییەکانی ئەمانیش بە کوڕ و وەچەکانیانەوە، بێگومان ئەو کچە گەنجە بێگانەیەش بە شانەکانی ئەم خێزانە کە شووی بە کوڕی ئەم ماڵە کردووە.

نووسەری شانۆنامەکە تونجەر جویجەنئۆغلو بەم شێوەیە پێناسەی شانۆنامەکەی دەکات: «باس لەوە دەکات چۆن ترسی هەرەسی بەفر وەک ڕووداوێکی سروشتی، ژیانی دانیشتووانی گوندێک لە ناو ترس و نیگەرانیدا دەکات بە دۆزەخ. شانۆنامەی هەرەسی بەفر سیستەمێکی داپڵۆسێنەری ئافرێندراوی ژێر کاریگەریی هەرەسهێنانی بەفر و ڕەفتاری نامرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. بە واتایەکی گشتی، لە کەشێکی دراماتیکیی گرژ و ئاڵۆزدا پێشانمان دەدات ئەگەر لە هەر بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێدەنگی بنوێندرێت، نۆرە دێتە سەر هەموو کەسێک.»

بۆ من ئەم شانۆنامەیە هێماگەلی گرفتی کورد و قەدەخەکردنی زمان و ئەدەب و کولتووری کوردییە لە تورکیا. بە درێژاییی مێژوو، نەوە لە دوای نەوە زمانی کوردی قەدەخە کراوە، کورد بوونی بۆ نەبووە و خێزانە کوردەکان و ناوچەکانی باکوری کوردستان بە دزییەوە و بە ترس و چپەدوو قسەیان کردووە.

## ئایا هەرەسی بەفر بەتەنیا ڕووداوێکی سروشتییە؟

ساڵی ١٩٨٧ بوو. لە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلم کارم دەکرد. ڕۆژێک لەگەڵ دۆستی هێژام دەرهێنەر یوسف کورچەنلی قسەمان دەکرد. ڕووداوێکی زۆر سەیری بۆم گێڕایەوە...

"دانیشتووانی گوندێکی بە شاخ دەورەدراوی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەهیچ جۆرێک بە دەنگی بەرز نادوێن، قاقا لێ نادەن، بەکورتی؛ ژاوەژاو ناکەن، چونکە دەڵێن ژاوەژاو–تەپەتەپ دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی بەفری چیا.

ڕەهەندی سەمەرەی ئەم کارە ئەوەیە نۆ مانگ لە ساڵدا ترسی هەرەسهێنانی بەفر لە ئارادایە.

ئەو مرۆگەلە تەنیا سێ مانگ بۆیان هەیە هاوار بکەن، چەک بەکار بهێنن، زەماوەند بکەن، یان منداڵیان ببێت..."

واتا تەواوی خۆشی و جۆشەکانی ژیانیان خستووەتە ئەو سێ مانگەی دوور لە ترسی هەرەسهێنانی بەفر.

نۆ مانگەکەی تر؟ ژیانێکی بێ جووڵە، بێ ژاوەژاو و پڕ لە نیگەرانی و ترسە.

ئەم ڕەوشە کاریگەریی زۆری لەسەر من دروست کرد و دەبوو بیکەم بە شانۆنامە.

بەڵام بیرم دەکردەوە ئەم بارودۆخە کاریگەرە چۆن باس دەکرێت و بەچی جۆرێک لە قاڵب دەدەرێت.



چۆن دەتواندرێت چیرۆکێکی پتەو لەم بابەتە بەرهەم بهێندرێت بەجۆرێک بینەر لێی بێزار نەبێت و بتوانێت تەماشای بکات؟

دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی شانۆنامەکە شیاوی ئەوە بێت ببرێتە سەر تەختەی شانۆ؟

ئەی باشە باسکردنی ئەو بارودۆخە تەنیا لە ڕوانگەی ڕووداوێکی سروشتییەوە چی لەو دەقە زیاد دەکات کە دەمویست بینووسم؟

چۆن دەتوانم لە ڕێی چووندا بەرەو بە جیهانیبوون سوود لەو دیاردەیە وەربگرم؟

بەدەم ئەو پرسیارانە و پرسیاری تری هاوشێوەوە کەوتمە سەر ڕێی بەسەرهاتی نووسینەوە و ڕستەی خۆم پێک هێنا:

هەرەسی بەفر بەتەنیا ڕووداوێکی سروشتی نییە...

پێ دەچێت خۆمان ئەو ترسەمان لە مێشکی خۆماندا چێ کردبێت... ماندوو نەبن!

# قیژەیەکی کپ: هەرەسی بەفر

پرۆفیسۆر دوکتۆر هولیا نوتکوو

هەرەسی بەفر وەک ڕووداوێکی سروشت بەردەوام مایەی هەڕەشەیە بۆ شوێنەکانی نیشتەجێبوونی بە شاخ دەورەدراو و بەتایبەتی بارودۆخی کەش و هەوا لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ناوچەکانی دەوروبەری دەبێتە هۆی پچڕانی پێوەندیی و هاتوچۆ لە نێوان گوندەکان و ناوەندی شارەکاندا. کەسانی نەخۆش و ژنانی دووگیان ناتوانن بگەنە مەڵبەندەکانی تەندروستی و تەنیا ئەوانەی خۆیان لە بەرامبەر هەلومەرجی سەخت و دژواردا ڕادەگرن، دەتوانن لە ژیاندا بمێننەوە. ئەگەر بزانین دوو لەسەر سێی ساڵ ترسی هەرەسی بەفر باڵ بەسەر ئەو دەڤەرانەدا دەکێشێت، بۆمان ڕوون دەبێتەوە مرۆگەل تا چ ڕادەیەک ناچار کراون ژیانێکی بێچارە بەسەر ببەن.

زۆربەمان سەیری فیلمی تایبەت بە هەرەسی بەفرمان کردووە و دیومانە تەقوهوڕێک، دەنگێک «بۆ نموونە، دەنگی چەک»، هاوار، یان قیژەیەک بارستاییی بەفری سەر و قەدپاڵی چیا وەردەگێڕێتە سەر کارەساتێکی سروشتی و شوێنێکی نیشتەجێبوون، یان کۆمەڵێک مرۆڤ وەک بلدۆزەر دەشێلێت و لە ناویان دەبات. ئەم کارەساتە ئیلهام بە دەرهێنەران و سیناریۆنووسان دەبەخشێت.

وەک بۆم دەرکەوتووە، دەرهێنەری سینەما یوسف کورچەنلی لە سەروبەندی دەرهێنانی فیلمێکدا باسی ئەم دیاردە سروشتییەی بۆ



تونجەر جویجەنئۆغلو گێڕاوەتەوە و ئەمەش بووە بەهۆی لەدایکبوونی ئەم شانۆنامەیە. ماوەی سێ مانگ لە ساڵدا بەفر نامێنێت و خەڵکی ئەو دەڤەرە دەتوانن لەو ماوەیەدا خۆشی و شادیی خۆیان دەرببڕن. واتا زەماوەندکردن، چەک تەقاندن و منداڵبوون بە هاتوهاوار و دەنگی بەرز چێژی ئازادیی ماوەی ئەو سێ مانگەیە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی هەرەسی بەفر بۆ دانیشتووانی ئەو دەڤەرە درێژ دەبنەوە بۆ ئەودیو سنووری ڕووداوێکی سروشتی. دەکرێت بە واتایەکی تر بەم جۆرەش بگوترێت:

"نووسەری ئەم دۆخە کاریگەرە گومانی هەیە لەوەی هەرەسی بەفر تەنیا ڕووداوێکی سروشتی بێت."

بەم جۆرەش شانۆنامەی هەرەسی بەفر لە دایک دەبێت.

کۆمەڵێک مرۆڤ لە خانوویەکی بە شاخ دەورەدراوی گوندێکی بچووک لە کەشێکی سەمبولیکدا لە دەنگ هەڵبڕین دەترسن و چپەدوو قسە دەکەن. ژنی گەنج و پیاوی گەنج و ژن و پیاو نووستوون. پیرەژن بە وریایی چاوەڕێ دەکات و پیرەمێردیش وەک مردوو بێ جووڵە لێی ڕاکشاوە و نووستووە. لەگەڵ ڕووناکتربوونەوەی ڕۆژدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت ئەو گوندە سەگ و کەڵەشێری تێدا نییە. دەنگی بێدەنگی باڵی بەسەر شانۆدا کێشاوە. ئەوەی نووسەر دەستی دەخاتە سەر، دووگیانبوونی ژنی گەنجە لە کاتی نەویستراودا. ژانی منداڵبوون شتێکی نەویستراوە؛ وەک ئەوەی ژنی گەنج لە بەساڵاچووانی بیستووە، لە سەردەمی ڕابردوودا ژنێک وەک ئەم پێشوەخت دووگیان بووە و بۆ ئەوەی بەدەم منداڵبوونەوە نەقیژێنێت، بە سپوساغی لە دارەباز نراوە و زیندەبەچاڵ کراوە. ئەم چیرۆکە کاری لە ژنی گەنج

كردووە و ترسی ئەوەی هەیە هەمان شت بەسەر خۆیشی بێت.

پیاوی گەنج باوەڕی وایە منداڵەکە لەگەڵ توانەوەی بەفردا لە دایک دەبێت. ئەو کاتەش بەمەبەستی ئەوەی منداڵەکانیان بێ ترس پەروەردە بکەن، لەو ژیانە پڕ لە پاڵەپەستۆیە دوور دەکەونەوە و نیازی گەڕانەوە لە سەری خۆیان دەردەهێنن. ڕێک وەک کەسانی بەتەمەن و بەساڵاچووانی خۆیان کاتێک دەگەڕێنەوە ئەگەر هەست بکەن پێیان لەسەر لێواری گۆڕە و وادەی مردنیان نێزیک بووەتەوە. کاتێک بەفر دەتوێتەوە، هەندێک لەو کەسانە، سا ئیتر لەبەر تاسەکردنی گوند بێت، یاخۆ بەمەبەستی هێنانی خواردەمەنی بۆ پاشماوەی دانیشتووان، دێنەوە و ماوەیەک دەمێننەوە.

"ترس توانای بیرکردنەوە دەکوژێت."

بۆیە ناخوازن منداڵەکانیان بەو هەستەوە بژین. تفەنگەکانی بە دیواردا هەڵواسراو و دەهۆڵ و چەکوش وەک نیشانەی ڕابردووی ئەو قۆناغە خۆسەپێنەرە وەک جاران لە شوێنی خۆیان چاوەڕێ دەکەن. ئاوی کۆوەبوو لە حەوزدا تاکە نیشانەی توانەوەی بەفر و بەسەرچوونی ترسی هەرەسی بەفرە و حەوزەکەش هێشتا سێ پەنجەی ماوە پڕ ببێت. وەک ئەوە وایە حەوزەکە تاکە ڕایەڵە بێت بۆ گرێدانی مرۆڤەکان بە ژیانی دەرەوەوە.

پیرەمێردیش کاتی خۆی بەجێهێشتنی ئێرەی تاقی کردووەتەوە و بە قسەی ئەو:

"جوامێر و ئازا ئەو کەسەیە ساوای خۆی گەورە بکات و بگەڕێتەوە."

جوامێری گەڕانەوەیە بۆ خاکی باب و باپیران، بۆیە لەگەڵ تواندنەوەی بەفردا مافی پیرەمێردە تفەنگ بتەقێنێت.



بەدرێژاییی ئەم شانۆنامەیە ژانی منداڵبوونی ژنی گەنج و خەمی پیر و بەساڵاچووان دەبیندرێت، چونکە دەزانن گەنجەکان پاش ئەوەی منداڵیان دەبێت، ئەمان بەجێ دەهێڵن و دەڕۆن. براگەورەی پیرەمێردیش لە ساڵانی ڕابردوودا بە زیاد پێوەنانەوە تووشی ترسی هەرەسی بەفر بووە و ویستوویەتی بۆ زاڵبوون بەسەر ترسی خۆیدا پڕ بە گەروو هاوار بکات و تەنانەت تفەنگ بتەقێنێت. دوا جار لەبەر ڕۆشناییی بڕیاری ئەنجوومەنی پیرانی گونددا ڕادەستی پاسەوانان دەکرێت و دەخرێتە ژێر پاڵەپەستۆوە و دوای پازدە ڕۆژ دەمرێت. پیرەمێرد وەک ئەوە وایە لە ڕابردوودا بژی. ئەگەری ئەوەی پاسەوانان برای ئەمیان خنکاندبێت، بەردەوام مێشکی دەجەڕێنێت و گینگڵی پێ دەدات. پیرەژنیش بەدرێژاییی ژیان دژوارییی چەشتووە، تەنانەت ڕێکردنیشی لە بیر چووە، یان خۆی وا پیشان دەدات وەک ئەوەی لە بیری چووبێت و گلەیی لە ڕووداوەکان و ڕابردوو دەکات.

دوای تێپەڕبوونی چەندین دیمەن، خێزان هیچ چارەیەکی تری بۆ نامێنێتەوە جگە لە بانگکردنی مامان و لەوە بەدواوە چاوەڕێکردنی پڕ لە نیگەرانی دەست پێ دەکات. مامان لەگەڵ پاسەوانی یەکەمدا دێت و قسەکانی ژنی گەنج سەبارەت بە مێژووی سک پڕبوون و ژانەکانی منداڵبوون ناچنە ئەقڵییەوە.

مامان چ وەک پێوەستبوون بە ڕێساکانەوە و چ لە پێناوی بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدا ناچارە ئەو ڕاستییانە ئاشکرا بکات کە بۆی دەرکەوتوون. بەمەبەستی گەیاندنی هەواڵ لە ماڵ دەردەچێت و پاسەوانی یەکەم دەمێنێتەوە. پیرەمێرد، پاسەوانی یەکەم بە "مرۆکوژ!" ناو دەبات و تاوانباری دەکات. ئەمە سەرهەڵدانی ئەوە لە دژی مردنی کاکی.

سەرۆک و ئەندامی ژن و ئەندامی پیاو دەگەن و دادگاییکردنێکی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکات. حەوزەکە هێشتا دوو پەنجەی ماوە پڕ بێت.

بە بۆچوونی سەرۆک، هۆکاری ئارامی و سەقامگیریی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێساکان و شتی گرینگ منداڵبوونی پێشوەخت نییە، بگرە هەرەسی بەفرە.

ئەوانەی ڕێساکانیان داناوە، بەناوی ڕێساکانی کۆمەڵگەوە حسێبی نەبوو بۆ تاکەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگە دەکەن.

پیاوی گەنجیش لەگەڵ ئەوەدایە ڕێساکان تاوتوێ بکرێن. ئەوەتا دەڵێت: "بێدەنگی و ترس توانای بیرکردنەوە پەک دەخەن."

بە بۆچوونی ئەو، هاوارکردن گەڕانە بە دوای مافدا. ئەو پێی وایە چارەسەر لەوەدا نییە ڕێساکان بکرێن بە سەرچاوەی هەڕەشە، بگرە لە هەبوونی توانای تاوتوێکردنیان و بیرکردنەوەیەدایە. ئەگەر بیرکردنەوە تاوان بێت، شاخەکانیش تاوانباری هۆکاری هەرەسهێنانی بەفرن.

ژنی گەنج لەوەدا دەبێت بەرەو هەمان چارەنووسی براگەورەی پیرەمێرد پەلکێش بکرێت.

لە ئەنجامی خۆڕاگرتن و بەرگریکردنی پیاوی گەنجدا، ژنی گەنج نابرێت و منداڵی دەبێت. پاش ئەوەی کۆرپەی ژنی گەنج لە دایک دەبێت و دەقیژێنێت (یان قاقایەکی سەمبولیک لێ دەدات)، پیرەمێرد بەرگی بەندی و ترس لە خۆی دادەماڵێت، دەرگە دەکاتەوە، باوەش بە ئازادیدا دەکات. بەم جۆرە نیگەرانی دەڕوات و جێ بۆ شادمانی خاڵی دەکات. ئیتر منداڵێک بۆ ئازادی لە دایک بووە. پیرەمێرد بەر لە



کردنەوەی دەرگە دەستی داوەتە تفەنگی دەستی پیاوی گەنج و لە دەرەوە گرمەی لێ هەڵدەسێنێت. کۆتاییی ڕووداوەکان زیاتر لە تەدارەکی ڕیتواڵێک دەچێت. ئەو ژیانەی پێشانی ئێمە دەدرێت، زاڵبوونە بەسەر داوونەریتدا، تێپەڕینە بە شاخەکاندا و ئاهەنگی بەهارە.

نووسەر لە کەشێکی گرژ و پڕ لە پاڵەپەستۆدا ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو ئەگەر مرۆڤ هەرچی زیاتر لە ئاست ئازاری دەرهاویشتەی بێدەنگبوونی کۆمەڵایەتی بێدەنگ بێت، ئەو ئازارە لە داهاتوودا تووشی هەموو کەسێک دەبێت. لەو کەشەدا بەردەوام جڵەوکردنی ئازادی، بایەخ نەدان بە بیرکردنەوە، مردن لەسەر دەستی کەسانی نەناسراو (گومانکردن لە جۆری مردنی براگەورەی پیرەمێرد) و هەستەکانی مرۆڤ دەگیرێتە دەست. چاودێریکردنی ژیانی تایبەت (تەنانەت ژیانی ژن و مێردایەتیش)، پاڵەپەستۆی چڕی دەرهاویشتەی شێوازی ژیانی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە و نەبوونی هەل بۆ ئەوەی دانیشتووان وزەی کەڵەکەبوونی ناو هەناویان هەڵبڕێژن، کاریگەریی بۆ سەر تەندروستیی باری دەروونیی مرۆڤەکان دروست کردووە. نووسەریش لەم سۆنگەیەوە لەبری ئەوەی شوێن و وڵاتێک بۆ قەومانی ڕووداوەکان دەستنیشان بکات، تەنیا بەوەندەوە گیرساوەتەوە شوێنێکی پڕ لە گرژی و پاڵەپەستۆ هەڵبژێرێت و ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی شانۆنامەکەی بخاتە چوارچێوەی بەجیهانیبوونەوە. هاوکات لەم شانۆنامەیەدا بەراوردێک لە نێوان خۆشەویستیی بۆ خاکی مرۆڤ خۆی و تاسەی ژیانێکی باشتردا دەکرێت. ئامانج ئەوەیە مرۆڤ زێدی خۆی بە زیندوویی و پڕ لە ژیان ڕابگرێت. چەک و دەهۆڵ–چەکوش و

دەنگی سەگ-کەڵەشێر کە وەک هێما بەکار هێندراون، نیشانەن بۆ هەبوونی ژیان لەوێ و بۆ دواکەوتنی ژیان لەبەر بێدەنگی و بە چرپە دوان. ئەو حەوزەیشی کە چاوەڕێی پڕبوونی دەکرێت، هاوسەنگییەک لە نێوان چاوەڕێکردنی مردن لە بێدەنگیدا و جۆش و چێژی ژیاندا دروست دەکات.

لەم شانۆنامەیەی جویجەنئۆغڵودا وەک ئەوەی لە شانۆنامە هێمادار و شیعر ئامێزەکانی مۆریس ماتەرلینکی بەلجیکاییدا بەدی دەکرێت، بێدەنگیی مردن تا ڕادەی "واز لە جەستە بهێنن، ڕۆحم بدەنێ"، یەک بە یەکی چینەکانی باری دەروونیی مرۆڤ هەڵدەداتەوە. نووسەر، ناو ماڵەکە وەک ئەوەی لە شانۆنامەکەدا هەیە، بە وشەگەلی چەسپاوی جۆری مەرگ-بێدەنگی و پیری پڕ دەکاتەوە. ناواخنی ئەو وشانەش بە واتا پێچەوانەکانیان پڕ دەکاتەوە.

لەم شانۆنامەیەدا زۆرتر بایەخ بە چارەسەر و کەمتر بە کێشەکان دەدرێت.



## تونجەر جویجەنئۆغڵو

نووسەری شانۆ

دەرچووی کۆلێجی زمان و مێژوو - جوگرافیای سەر بە زانکۆی ئەنقەرەیە.

ئەندامی سەندیکای نووسەرانی تورکیا و لقی تورکیای یانەی قەڵەم (P.E.N.)ی نێودەوڵەتییە.

لە قوتابخانەی باڵای مۆزیکی ناوەندیی هونەریی مۆژدەت گەزەن (MSM) مامۆستای "نووسینی درامایە."

مامۆستایە لە بەشی نووسینی زانکۆی ڕۆژهەڵاتی نێزیک لە قوبرس.

ڕاوێژکاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "میتۆس بۆیوت"ە.

### شانۆنامەکانی:

شەڕی کوێران، مامۆستا، ژنانی بەلەنگاز، کۆڵانی داخراو، دۆسیە، بیگا - ١٩٢٠، قومارچییان، هەلیکۆپتەر، یڵدرم کەمال، ماترووشکا، مێوان، شەپقە، بۆیاخچی، تۆفیقی نەیژەن، ڕووباری قزلئرماک، هەرەسی بەفر، کێ سەباحەت عەلیی کوشت؟، شەوی سەوز، ئاخ ئەگەر هەژارێک دەبووم، شانۆکاران، شی گیڤارا، مستەفا کەمالم، یانەی شەو.

**خەڵاتەکانی نووسەر:**

لە تورکیا و دەرەوەی وڵات سەرجەم ١٧ خەڵاتی وەرگرتووە: تۆباڤ (٢)، یەکەتیی ژنانی تورک (١)، دامەزراوەی هونەری ئەنقەرە (٢)، عەبدی ئیپەکچی (١)، عیسمەت کونتای (١)، عەونی دیللیگیل (١)، ئەنستیتووی شانۆی نێودەوڵەتی (١)، قاسید (١)، لیۆنس (١)، وەزارەتی کولتووری (١)، خەڵاتی موحسین ئەرتوغرول بۆ سەرکەوتووترین نووسەر (١)، یۆگسلاڤیا (١) و هۆڵەندا (١).

**تا ئێستا شانۆنامەکانی نووسەر بۆ سەر ئەم زمانانە وەرگێڕدراون:**

کوردی، ڕووسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، بولگاری، یۆنانی، مەکەدۆنی، سویدی، گورجی، ئوردوویی، ژاپۆنی، ڕۆمانی، ئازەری، تەتەری، پۆلۆنی، چواشی، سربی، ئیسپانی، عەرەبی، فارسی، کازاخی، چینی و... هتد.

هەندێک لە شانۆنامەکانی نووسەر، لە سەرووی هەموویانەوە هەرەسی بەفر، ماترووشکا، بۆیاخچی، ژنانی بەلەنگاز، ڕووباری قزلئرماک، کۆڵانی داخراو، دۆسیە، هەلیکۆپتەر، شەپقە و میوان لە نێزیکەی ٤٠ وڵاتی جیهان پێشان دەدرێن، یان لە بەرنامەی پێشانداندا دانراون.

**دیمەنی سەر شانۆ:**

ناوەوەی ماڵێکی یەک نهۆمی لە گوندێکی بچووکی بە شاخ دەورەدراودا کە ماڵێکی چیایی دەهێنێتەوە بیری مرۆڤ... لە پەنجەرەکانەوە چلوورەی لە سەربانەوە شۆڕەوەبوو دەبیندرێت. دوو تفەنگ بە دیواردا هەڵواسراون، ڕووی لوولەکانیان لە یەکترە و



قۆناغەکانیان لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە و شێوەیەکی نیمچە ڕازاوەیان وەرگرتووە...

لای چەپەوە ژوورێک هەیە و لە ناوەڕاستیشدا هۆڵێکی گەورە. لای ڕاستیشەوە دەرگەیەک هەیە بەسەر ژوورێکی تردا دەکرێتەوە. دەرگەی دەرەوەش ڕێک دەکەوێتە ناوەڕاستەوە.

سۆپایەکی سەرەتایی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا هەیە. بڕێک پارچە دار و تەختەش بەجوانی لە تەنیشتی ڕیز کراوە. لەسەر زەوی کلیم ڕاخراوە و چەند قالیچکەیەکیش بە دیواردا هەڵواسراون.

هەر لە ناوەڕاستی هۆڵدا دەهۆڵێک و چەکوشێکیش هەیە. لە گۆشەیەک دانراون و هەر دەڵێیت چاوەڕێی ڕۆژێک دەکەن دەنگیان لێوە بێت...

لە ژووری لای چەپ ژنی گەنج و پیاوی گەنج لە پێخەودا نووستوون.

پیرەژن لە تەنیشت سۆپای ناو هۆڵەکەوە ڕاکشاوە، چاوی بڕیوەتە بنمیچ و لە نێوان خەو و بێداریدا چاوەڕێ دەکات.

پیرەمێرد لە تەنیشت پیرەژنەوە ڕاکشاوە و وەک مردوو بێدەنگ لێی نووستووە. تەنانەت هەست بە هەبوونی ناکرێت...

پیاو و ژنیش لە ژووری لای ڕاست نووستوون...

هەمووان لە پێخەوی سەر زەویدان...

بەشەکانی ماڵ بە دیوار جیا نەکراونەتەوە...

دیمەنەکان ڕاستەقینە نین، سەمبولین...

بەتەواوی بێدەنگی باڵادەستە...

ئەم بێدەنگییە بەدرێژایی نواندنی شانۆکە و تا بەرەو کۆتایی بەردەوام دەبێت. ڕۆیشتن و شوێن گۆڕینەکان بە هێمنی و بێدەنگی

ئەنجـام دەدرێن. جووڵەکـان لە جـووڵەی ناو فـیلمی خـاوکـراوە دەچن. گفتوگۆکان تا ڕادەی چرپەدوو نزمن.

پێویستە ئەکتەرەکان بەپەرۆشیی خۆیان بۆ قسە نەکردن بە دەنگی بەرز و دەنگ دەرنەکردن لە بینەران بگەیەنن و بەردەوام ترسی خۆیان لەو مەسەلەیە پێشان بدەن.



## کەسەکان

پیـرەژن: لە حـەفـتـاکـانی تـەمـەندایە. زۆر باش خـۆی پاراسـتـووە... بۆ ئەوەی سـەرنج بۆ سـەر خۆی ڕابکێشێت، وا خۆی پێشان دەدات وەک ئەوەی نەتوانێت بڕوات بەڕێوە.

پیرەمـێرد: لە هـەشـتـاکـانی تەمـەندایە. تەنیـا بە بەکارهـێنانی گۆچان دەتوانێت ڕێ بکات.

ژنی گەنج: ١٨ ساڵانە

پیاوی گەنج: ٢٠ ساڵانە

پیاو: ٥٠ ساڵانە

ژن: ٤٥ ساڵانە

مامان: ٤٠ ساڵانە

سەرۆک (پیاو): ٧٥ ساڵانە

ئەندامی ژن: ٧٠ ساڵانە

ئەندامی پیاو: ٦٠ ساڵانە

١- پاسەوان: ٣٥ ساڵانە

٢- پاسەوان: ٣٥ ساڵانە

زەمان: ڕۆژگاری ئەمڕۆمان

شوێن: هەر وڵاتێک بێت

## بەشی یەکەم

١

(هەتاو هێدی هێدی هەڵدێت..

نە حەپەی سەگ دێت و نە قووقەی کەڵەشێر.. بێدەنگی و کشوماتییەکی قورس باڵادەستە..

لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژدا ڕەنگێکی زۆر سپی لە ژوورەوە دەدات.

وەک ئەوە وایە بێدەنگیش هاوتەریب لەگەڵ ئەمدا ڕوو لە زیادبوون بکات.

پیرەژن دوای ئەوەی لە نووستنی هەمووان دڵنیا دەبێت، هەڵدەسێت.

بەبێدەنگی دەڕوات بۆ ئاودەست. دوای تاوێک دەگەڕێتەوە و چەند شتێک لە زەویی نیمچە ئاشپەزخانە هەڵدەگرێت و خێرا خێرا دەیانخوات. لەلایەکی تریش، سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکات بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت..

ژنی گەنج لە جێگەدا ڕاست دەبێتەوە، خەو بەری نەداوە و چاوی خۆی هەڵدەگلۆفێت.

ئاشکرایە ئازاری هەیە. تاوێک دوودڵە لەوەی مێردی لە خەو هۆشیار بکاتەوە، یان نا. واز دەهێنێت، بەبێدەنگی لە جێگەدا هەڵدەسێتە سەرپێ.



پێوەی دیارە دووگیانە..

پیرەژن هەست دەکات وا ژنی گەنج بۆ لای دێت. بە خواردنەکانی ناو دەمییەوە دەچێتە پێخەوەوە. خۆی وەک نووستوو پێشان دەدات..

تەنانەت لێفەکەش لەسەر خۆی لا دەبات بۆ ئەوەی ژنی گەنج بەزەیی پێدا بێتەوە..

ژنی گەنج بێدەنگ دەڕوات. لە پێشدا دەچێتە هۆڵی دانیشتن و پاشان ئاودەست.

پیرەژن بە چاوەکانی چاودێریی ژنی گەنج دەکات.

ژنی گەنج پاش تاوێک دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵی دانیشتن. وا دێتە پێش چاو وەک ئەوەی ئاسوودە بووبێت. بەهەمان وریایی دەڕوات. وا دەزانێت پیرەژن نووستووە و دای دەپۆشێت. کاتێک ئەم دەگەڕێتەوە بۆ ژووری خۆی، پیرەژن لە سەرێکەوە شادمانە بە گەیشتن بە ئامانج و لە سەرێکی ترەوە، بەبێدەنگی شتەکانی ناو دەمی دەجوێت..

ژنی گەنج لە پێخەوی خۆیدا ڕادەکشێت.

ئەمجار پیاو هەڵدەسێت، لە ژوورەوە دێتە دەرێ، بە هۆڵی دانیشتندا تێ دەپەڕێت و بێدەنگ دەچێتە دەرێ.

پیرەژن دیسان خۆی وەک نووستوو پێشان دەدات.. دەزانێت پیاو دەگەڕێتەوە، بۆیە سەرلەنوێ لێفەی سەر خۆی لا دەبات.

پاش تاوێک پیاو دەگەڕێتەوە.

پیاو لێفەی پیرەژن دەداتەوە بەسەریدا.. دەچێتەوە ژووری خۆی و لە جێگەدا درێژ دەبێت..

پیرەژن دیسان چاوی کردووەتەوە و سەری جارێک بەلای ڕاست و جارێک بەلای چەپدا دەسووڕێنێت و نوقمی بیرکردنەوە دەبێت.

ژنی گـەنج دیسـان لەپڕ بـە ئازارەوە لە پێـخـەوی خـۆیدا ڕاست دەبێتەوە.. پێ دەچێت دیسان ژانی هەبێت..)

**ژنی گەنج:**

(بە دەستی پاڵ بەمێردییەوە دەنێت) هەڵسە.

**پیاوی گەنج:**

(بە چاوی خەواڵووەوە) چییە؟

**ژنی گەنج:**

سکم...

**پیاوی گەنج:**

چی بووە؟

**ژنی گەنج:**

دێشێت.

**پیاوی گەنج:**

بڕۆ بۆ ئاودەست.

**ژنی گەنج:**

چووم.

**پیاوی گەنج:**

ئەدی چی؟

**ژنی گەنج:**

دیسان سەری هەڵدایەوە.. دەترسم.

**پیاوی گەنج:**

(بێ ئەوەی خۆیشی بڕوا بکات) لە چی دەترسیت؟



**ژنی گەنج:**

لە چی؟

**پیاوی گەنج:**

دیارە سـەرمـات بووە. (لەگـەڵ ئەوەشـدا نیگەرانە) ئـەی دەبێت چی تر بێت؟

(بێدەنگی)

**پیاوی گەنج:**

چۆنی؟

**ژنی گەنج:**

بەسەرچوو.

**پیاوی گەنج:**

هیچ شتێکی مایەی ترس لە ئارادا نییە.

**ژنی گەنج:**

تاوێک.. وام زانی.

**پیاوی گەنج:**

چی؟

**ژنی گەنج:**

وام زانی ژانم گرتووە.

**پیاوی گەنج:**

جا شتی وا دەبێت؟

**ژنی گەنج:**

ئەی ئەم ئازارە لە کوێوە دێت؟

**پیاوی گەنج:**

سک ئاوسان و ئازارت لێ تێک چووە.

**ژنی گەنج:**

لەقەی لێم دا.. لەقەم لێ دەدات.

**پیاوی گەنج:**

(دەست دەبات بۆ سکی ژنەکەی.. بەکامەرانی پێ دەکەنێت) چەند جوانە! لەوە دەچێت پەلەی بێت.

**ژنی گەنج:**

پێویستە تا چەند ڕۆژێکی تر ددان بەخۆیدا بگرێت..

**پیاوی گەنج:**

(دەستی ژنەکەی دەگرێت) ئەو ترسانە لە سەرت دەربهێنە. بەلایەنی کەمەوە مانگێکی تریش کاتت هەیە. هیچ شتێکی مایەی ترس لە ئارادا نییە. هەرگیز لەم ناوە نەبیندراوە منداڵ پێشوەخت لە دایک ببێت. مەگەر داپیرەم ئەمانەی بۆت باس نەکرد؟

**ژنی گەنج:**

بەڵام لە دایکبوونی پێشوەخت ڕووی داوە.

**پیاوی گەنج:**

لە کێت بیستووە؟

**ژنی گەنج:**

لە داپیرەم.

**پیاوی گەنج:**

بەڵام ئەوە زۆر لەمەوبەر بووە.



**ژنی گەنج:**

جیاوازیی چییە؟

**پیاوی گەنج:**

(وەک ئەوەی بەلایەوە گرینگ نەبێت) ئەو کاتە ئێمە هێشتا لە دایک نەبووبووین..

**ژنی گەنج:**

ژنەی دووگیان بەزیندوویی لە دارەباز نراوە.

**پیاوی گەنج:**

ئەمەی بۆت گێڕایەوە؟

**ژنی گەنج:**

گوێم لێ بوو بۆ دایکتی دەگێڕایەوە.

**پیاوی گەنج:**

ئەو شتانە ڕۆیشتن و بڕانەوە. جارێکی تریش شتی وا ڕووی نەدایەوە. پێویستە کەمێکی تر بخەویت.

(ژنی گەنج چاوانی لێک دەنێت و هەوڵ دەدات بخەوێت. ئەمجار پیاوی گەنج ئۆقرەی لێ دەبڕێت. دەست بە قژی ژنەکەیدا دەهێنێت، بەڵام خەیاڵی ڕۆیشتووە. ئەو سپیەتییەی لە دەرەوە دێت، لە بەرزترین ئاستدایە، بەڵام بێدەنگیی تۆقێنەر تا دێت گەورە دەبێتەوە.)

**ژنی گەنج:**

(چاوانی هەڵدێنێت) باشە ئەگەر بەڕاستی ژانم بگرتبایە؟

**پیاوی گەنج:**

شتی وا نابێت.

**ژنی گەنج:**

بۆچی؟

**پیاوی گەنج:**

چونکە بەساڵاچووان حسێبی هەموو شتێک دەکەن.

**ژنی گەنج:**

هیچ بەهەڵەدا ناچن؟

**پیاوی گەنج:**

نەخێر!

**ژنی گەنج:**

بۆچی؟

**پیاوی گەنج:**

چونکە ئەگەر هەڵە بکەن، لەسەریان دەکەوێت.

**ژنی گەنج:**

بەڵام تۆیش ترسایت.

(بێدەنگی)

**پیاوی گەنج:**

مەگەر شتێکی ئاسایی نییە؟

**ژنی گەنج:**

کەواتە ترسەکەی منیش ئاساییە.

**پیاوی گەنج:**

منیش پێچەوانەم نەگوت. بەڵام شتێکی لەو جۆرە لە ئارادا نییە. ئاشکرایە ئەگەر دوای دوو ڕۆژی تر بێت، هیچ ترسێک لە



گۆڕێدا نامێنێت. تەنانەت ئەسپ، کەر، سەگ، مانگا، مەڕ، کەڵەباب و مریشکەکانیشمان دەهێندرێنەوە. ئەگەر تەنانەت بۆ سێ مانگیش بووە. پاشان تۆ بەدەم تەقاندنی تفەنگەوە منداڵت دەبێت. کۆرپەکەمان یەکەم زریکەی ژیانی دەکات و ئێمەش ترسمان لە قیژەکردنی نابێت. چەندین جار دەقیژێنێت! ئەوانی تریش ناترسن، چونکە ئەو کاتە مەترسی نامێنێت. (دەست بە قژی ژنی گەنجدا دەهێنێت) هەمووان گۆرانی دەڵێن. تەنانەت هەرە بەساڵاچووانیش مەستی مەست دەبن و لە مەیدان سەما دەکەن. ڕێک سێ مانگ.. سێ مانگ ڕەوش بەو جۆرە بەردەوام دەبێت. پاشان لەگەڵ بارینی یەکەم بەفردا کۆرپەکەمان هەڵدەگرین، بەناو چیایەکاندا دەڕۆین و لێرە نامێنین بۆ ئەوەی جگەرگۆشەی خۆمان بێ ترس گەورە بکەین. ئەوانەشی لەگەڵ ئاژەڵەکانیاندا هاتوون، بەهەمان شێوە دەگەڕێنەوە، چونکە ئەسپەکان دەحیلێنن، کەرەکان دەزەڕێنن، سەگەکان دەوەڕن، مانگاکان دەبۆڕێنن، کەڵەشێرەکان دەقووقێنن و مریشکەکان گارەگار دەکەن. ڕازێکت بۆ بدرکێنم؟

**ژنی گەنج:**

بیڵێ.

**پیاوی گەنج:**

هەروەک ئەو گەنجانەی پێش ئێمە ڕۆیشتوون، جارێکی تریش هەرگیز ناگەڕێینەوە بۆ ئەم ناوە. دەڕۆین و بەکامی دڵی خۆمان دەژین. بێ ترس دەژین تا ئەو کاتەی هەست دەکەین وا لە مردن نێزیک دەبینەوە، ئەوسا وەک باب و باپیرانمانان دەگەڕێینەوە بۆ ئێرە.

**ژنی گەنج:**

لە هاوینیشدا ناگەڕێینەوە؟

**پیاوی گەنج:**

تۆ و کوڕەکەمان نا، بەڵام من دێم، چونکە دەبێت خۆراکی زستان بۆ ئەوانەی ئێرە بهێنم. ئەم هەموو خەڵکە بێ ئارد و شەکر و خوێ چی بکەن؟

**ژنی گەنج:**

گوتت تۆ و کوڕەکەمان.. بەچیدا دەزانیت کوڕمان دەبێت؟ لەوانەیشە کچمان ببێت.

**پیاوی گەنج:**

لەوانەیشە... ئەوە هەروا بە دەممدا هات.

**ژنی گەنج:**

بەڵام منیش دەمەوێت دایک و باوکم ببینم. ناتوانم بەرگەی دوورییان بگرم.

**پیاوی گەنج:**

چی بە ئێرەوە گرێیان دەدات؟ دەتوانن لەگەڵ ئێمەدا بێن.

**ژنی گەنج:**

کەواتە با دایک و باوکی تۆیش بێن! ئەگەر هەموومان پێکەوە بڕۆین، پێویست ناکات تۆیش جارێکی تر بەشێوەی کاتی بۆ ئێرە بگەڕێیتەوە.

**پیاوی گەنج:**

ئەوانەی ئێمە نایەن، چونکە باپیرەم و داپیرەم بۆ مردن



گەڕاونەتەوە بۆ ئێرە. واز لەوانەی ئێمە بهێنە. با ئێمە منداڵی خۆمان بەخێو بکەین و وا بکەین بێ ترس پێ بگات. (هەست ناکات ژنی گەنج نووستووە) زانایەکی ژیر ئەمەی گوتووە: "بێدەنگی و ترس توانای بیرکردنەوە پەک دەخەن. ترس دۆخێکە بیری مرۆڤ دەشێوێنێت و لە ڕێ دەری دەکات. ئەم ڕاستییەی کە ترسی پێ دەڵێن و سەری هەموومانی سوڕ هێناوە، مەهێڵن تووشی منداڵەکانتان بێت." نەخێر، ناهێڵم.

(پیاوی گەنج حاڵی دەبێت ژنەکەی نووستووە. لەسەرخۆ هەڵدەسێت و دەچێتە هۆڵی دانیشتن. پیرەژن دیسان خۆی وەک نووستوو لێ دەکات.)

**پیاوی گەنج:**

داپیرە، دەزانم نەنووستوویت.

**پیرەژن:**

چی بووە کوڕم؟

**پیاوی گەنج:**

شتێکت لێ دەپرسم.

**پیرەژن:**

بپرسە.

**پیاوی گەنج:**

دوێنێ شتێکت بۆ دایکم گێڕاوەتەوە. باسی کەسێکت کردووە پێشوەخت منداڵی بووە. لە سەردەمێکی زۆر کۆندا .

**پیرەژن:**

(بە گومانەوە) ئەمە چی پێوەندیی بە تۆوە هەیە؟

**پیاوی گەنج:**

ژنەکەم زۆر ترساوە.

**پیرەژن:**

بۆچی دەترسێت؟ خۆ ئەو کێشەیەکی لەو جۆرەی نییە!

**پیاوی گەنج:**

نییەتی، بەڵام زۆر ترساوە. گەنج و بێ ئەزموونە.

**پیرەژن:**

(بەچێژەوە) ئەو سەردەمانە وەک هاوسەری تۆ گەنج بووم. چوار کچ بووین تازە شوومان کردبوو. هەمووشمان زەماوەندی زۆر ڕازاوەمان بۆ کرابوو. بەڵام پێویست بوو چوار مانگ چاوەڕێی شەوی بووکێنی بکەین. بەساڵاچووانی ئەو سەردەمە ئەمەیان بۆ هەمووشمان گێڕایەوە. سیانمان توانیمان خۆمان لە پیاوەکانمان دوور ڕابگرین. بەڵام یەکێکمان هەڵەی کرد. هەموو شەوێک یەکیان دەدی. دوایی؟ سێ مانگ پێش تێپەڕینی ترسی هەرەسی بەفر ژانی زایین دەستی پێ کرد. دواییش ڕووداو قەوما.

**پیاوی گەنج:**

چی ڕووی دا؟

**پیرەژن:**

ڕێساکان ئاشکران. یەکسەر مامان بانگ کرا. هەموو شتێک ڕاست و دروست بوو. دادوەران کۆ بوونەوە و بڕیاری چاوەڕوانکراو دەرچوو. ئەو دەستەخوشکەمان نرایە ناو دارەباز و لە یەکێک لە گۆڕە پێشوەخت هەڵکەندراوەکاندا



زیندەبەچاڵ کرا.

**پیاوی گەنج:**

مێردەکەی چی کرد؟

**پیرەژن:**

فرمێسکی زۆری ڕشت. بۆ ڕێگرتن لە جێبەجێکردنی بڕیار پاڕایەوە، لاڵایەوە، تەنانەت داوای لە دەستەی دادوەران کرد ئەویش بنێژن. بەڵام پێیان گوت هیچ شتێک ناکرێت و ئەوەشیان ڕەت کردەوە لەگەڵ ژنەکەیدا زیندەبەچاڵ بکرێت.

**پیاوی گەنج:**

دوایی؟

**پیرەژن:**

کاتێک مەترسیی هەرەسی بەفر تێ پەڕی و دارەباز کرایەوە، سێ مانگ تێ پەڕیبوو. ئیتر نەتوانرا هیچ بۆ ئەو دەستەخوشکەمان بکرێت.

**پیاوی گەنج:**

بەڵام ئەوە ڕەفتارێکی نامرۆییە.

**پیرەژن:**

بۆ ئەوەی ئەوانی تر بژین، پێویست بوو وا بکرێت. مرۆڤ سوور بزانێت ترسی هەرەسی بەفر لە ئارادایە، نابێت ژیانی کەسانی تر بخاتە مەترسییەوە! دەکرا لەوە زیاتر چی بکرێت؟

**پیاوی گەنج:**

چووزانم؟ دەکرا لە کاتی منداڵبووندا دەمی ژنە ببەسترابایە و بەو جۆرە ڕێ لە دەرچوونی دەنگی قیژەی بگیرابایە.

**پیرەژن:**

دەزانیت بیرکردنەوەمان لەو جۆرە شتانە بە هەموو شێوەیەک قەدەخەیە. لە ڕابردووشدا وابوو، ئێستاش هەر وایە. ئێمەی ژنان بێ ئەوەی بهێڵین کەس هەستی پێ بکات، ئەوەمان تاقی کردەوە. بەڵام کەی؟ پاش ئەوەی ترس ڕەوییەوە و یەک بەدوای یەکدا منداڵمان بوو، وەک بڵێیت ترسمان لە هەرەسی بەفر هەبێت، هەموومان بێدەنگ بین. بەڵام قیژەی ساوایان گەیشتە کەشکەڵانی ئاسمان. لە گردەکان بەجۆرێک دەنگی دەدایەوە، دەمانگوت ئێستا نا ئێستا هەرەس دەهێنێت و دەڕووخێت بەسەرماندا. قیژەی تەنانەت یەک کۆرپەش واتای مەرگی هەموومان دەگەیەنێت. لە بیرت نەچێت، تەنانەت بێ بەزەییترین ڕێساش بۆ بەختەوەریی مرۆڤە.

**پیاوی گەنج:**

ئەوە چ جۆرە بەختەوەرییەکە؟ ئەوە چ ویژدانێکە لە پێناوی کامەرانیی ئەوانی تردا کەسێک بە زیندوویی بخرێتە ژێر گڵەوە؟

**پیرەژن:**

کێ ئەم شتانەی ئاخنیوەتە مێشکتەوە؟ خەیاڵ لەو جۆرە شتانە مەدە. ڕووی دا و بڕایەوە. گوتراوە بەڵایەک لە هەزار ئامۆژگاری باشترە. لەوانەیە لەبەر ئەو مردنە بێت کە ماوەی پەنجا ساڵە هیچی تر لای ئێمە ڕووی نەداوە.

(پیاوی گەنج ماوەیەک بێدەنگ دەبێت. پاشان دەچێت بۆ ئاودەست. لە ژووری تەنیشتەوە ژن هەڵدەسێت و بە بێدەنگی لە



جێگە دەردەچێت. هەوڵ دەدات مێردی خۆی هۆشیار نەکاتەوە و لەسەرخۆ لە ژوور دەردەچێت. لەگەڵ پیرەژندا نیگایان یەکانگیر دەبێت.)

**پیرەژن:**

(ئاماژە بۆ ئاودەست دەکات) کوڕەکەتی تێدایە.

**ژن:**

بۆچی نەنووستوویت؟

**پیرەژن:**

برسیم بوو.

**ژن:**

(خۆی لێ نەبان دەکات) کەمێکی تریش بنوو!

(پیاویش هەڵساوە و بە بێدەنگی هاتووە.)

**پیرەژن:**

(هاتنی کوڕەکەی دەبینێت، بەڵام وا ڕەفتار دەکات وەک ئەوەی هەستی بە هاتنی نەکردبێت) برسیم بوو، برسی!

**ژن:**

چاوەڕێی هەموو شتێک هەر لە من دەکەیت.

**پیرەژن:**

بۆچی ئەگەر بمتوانیبا بە پێوە ڕابوەستم، منەتم بە تۆ دەبوو؟

**ژن:**

(چەند شتێک ئامادە دەکات و دەیخاتە بەردەستی پیرەژن.) مەیرێژە جێگەوە.

**پیرەژن:**

کەی ڕشتوومە؟

**ژن:**

نەمگوت ڕژاندووتە، گوتم مەیرێژە.

**پیرەژن:**

ئەگەر نەمرشتووە، بۆچی دەڵێیت مەیرێژە؟ کەواتە ئاگەم لە خۆمە.

**ژن:**

لە خۆڕا قسەم تێ دەگریت!

**پیرەژن:**

ئەگەر تۆ زەمین خۆش نەکەیت، من لە خۆمەوە قسەت تێ ناگرم.

**ژن:**

باشە، مادام وایە، تێم بگرە!

**پیرەژن:**

بە وشکی بە گەروومدا ناچێتە خوارێ!

**ژن:**

خۆ بە ناخێری گیان داوای چایم لێ ناکەیت!

**پیرەژن:**

کەمێک ئاو بەسە.

(پیاو بە پشوودرێژی گوێی بۆ قسەکان ڕاگرتووە. بە تیلەی چاو بۆ ژنەکەی دەڕوانێت.)

**پیاو:**

(بە ژنەکەی) کارمان زۆرە. پێویستە خۆمان ئامادە بکەین.



**ژن:**

لێرە بوویت؟

**پیاو:**

هەمووان هەڵبسێنە.

**ژن:**

(زۆر بێدەنگتر) ئەگەر دایکت بوارمان بدات.

(پیرەژن بە ئاماژە لە کوڕی خۆی دەگەیەنێت کوڕەزاکەی لە ئاودەستە.)

**پیرەژن:**

ئاو!

(ژن بەدەم بۆڵەبۆڵەوە ئاوی دەداتێ. پاشان ڕوو لە شوێنی سۆپا دەکات و بە بێدەنگی تێکی دەدات. ئاگر بەجوانی دەردەکەوێت. کەمێک ئاوی تر دەکاتە کتریی گەورەی سەر سۆپاوە.

پیاو نێزیک دەبێتەوە و دەست بە گۆنای پیرەژندا دەهێنێت. پیرەژن بە چاو لای ئەو گازندە لە ژن دەکات. پیاو ڕاهاتووە، چەند ئاماژەیەک بە واتای "ئیدارە بکە" دەکات.

پیاوی گەنج دێت. پیاو ئاماژە بۆ کوڕەکەی دەکات بچێت ژنی خۆی هەڵبسێنێت. پیاوی گەنج بە ئاماژەی سەر بەڵێی بۆ دەکات، دەچێتە ژوورەوە، خۆی دەچەمێنێتەوە و دەست بە قژی ژنی گەنجدا دەهێنێت.

ژنی گەنج دەستی مێردی دەگرێت و تاوێک بەکامەرانی چاوەڕێ دەکات.)

**پیاوی گەنج:**

ئێستا چۆنیت؟

**ژنی گەنج:**

باشم.

**پیاوی گەنج:**

ئێ من گوتم باش دەبیت. (بێدەنگی.) کارمان زۆر زۆرە. باش دەبیت ئەگەر هەڵبسیت.

(ژنی گەنجیش هەڵدەسێت. بە بێدەنگی پێخەو و لێفە کۆ دەکاتەوە. مێردی چاوەڕێی دەکات و هەردووکیان پێکەوە دەچنە هۆڵی دانیشتن. ژن و ژنی گەنج خوانی سەر زەوی ئامادە دەکەن. پیاو و پیاوی گەنج تفەنگەکان لە دیوار دادەگرن.

پیاوی گەنج توورەکەیەک دەهێنێت، پیاو چەند کەرەستەیەکی لێ دەردەهێنێت، دەست دەکات بە پاککردنەوەی یەکێک لە تفەنگەکان و هەنگاو بە هەنگاو بۆ پیاوی گەنج ڕوونی دەکاتەوە.

کوڕی گەنجیش ڕێک لاسایی باوکی دەکاتەوە و خەریکی پاککردنەوەی تفەنگی بەردەستی خۆیەتی.

ژن و ژنی گەنجیش لەسەر شێوازی دیمەنی فیلمی خاو لە سەرێکەوە خوان ئامادە دەکەن و لە سەرێکی ترەوە، ئەو ناوە کۆ دەکەنەوە.

لەو نێوانەدا هەردوو تفەنگەکانیش خاوێن کراونەتەوە.

چای تێ دەکەن.

پیاوی گەنج دەیەوێت فیشەک بخاتە تفەنگی خاوێنکراوەی



بەردەمی. پیاو چارەی گرژ دەکات و ڕێی پێ نادات.)

**پیاو:**

ئێستا نابێت. هێشتا کاتی نەهاتووە.

**پیاوی گەنج:**

ئاوی حەوزەکە چەند بەرز بووەتەوە؟

**پیاو:**

(بە دەست ئاماژە دەکات) هێشتا سێ پەنجەی ماوە پڕ بێت.

(بەهەمان وریایی و کارقایمی تفەنگەکان لە شوێنی خۆیان هەڵدەواسنەوە. لە کاتێکدا ژنەکان خەریکی دوایین ئامادەکارییەکانی خوانن، پیاوی گەنج فیشەکەکان دەکاتەوە قوتوو و لە شوێنێکی نێزیک لە تفەنگەکان دایان دەنێت. پاشان ئاو دەکات بەدەستی باوکیدا و ئەویش دەموچاوی دەشوات.)

**پیاوی گەنج:**

سەیرێکی حەوزەکە بکەم؟

**پیاو:**

ئەگەر لە باری لەشت گران نییە، سەیر بکە.

(پیاوی گەنج بە بێدەنگی دەچێتە دەرێ. ون دەبێت. ژنەکانیش دوایین پێداویستییەکانی خوانی سەر زەوی ئامادە دەکەن.)

**پیاوی گەنج:**

(دەگەڕێتەوە و بەدەستی ئاماژە دەکات.) دوو پەنجە و نیوی ماوە.

**پیاو:**

باشە. خوا بکەم ئەمڕۆ پڕ بێت و تفەنگەکان بتەقێنین. بەڵام

هەرە درەنگ تا سبەی شەو پڕ دەبێت.

**پیاوی گەنج:**

خوا یار بێت! بۆ ئەوەی زۆریش دوا نەکەوێت!

**پیاو:**

ئەو پشووکورتییە لە پای چی؟ با یەک دوو ڕۆژ دوا بکەوێت، بەڵام بێ بەڵا بێت! خۆ کەس ڕاومان نانێت!

(لە پێشدا پیاو لە دەوری خوان دادەنیشێت. پاشان ئەوانی تر.)

**پیاو:**

بۆچی باوکمت هەڵنەساند؟

**پیرەژن:**

با بە ئاسوودەیی نان بخۆین. خۆم تێر دەخۆم و پاشان خواردنی دەدەمێ. با ئێستا نەبێت بە تەوق و لە پێمان نەئاڵێت. دەزانن چ پیاوێک بوو؟ بەهیچ جۆرێک زەوت نەدەکرا. پێشینانیش گوتوویانە گورگ پێویستە پیربوونی خۆی ببینێت. ئەوەتا ببینن. گورگ کاتێک پیر دەبێت، وای لێ دێت.

**ژن:**

هەموو ژنێک خۆزگەی پیاوێکی وا دەخوازێت. هەموو شتێکت بۆ جێبەجێ دەکات.

**پیرەژن:**

(پێکەنینێکی تاڵ پێ دەکەنێت) بڕوات بەو قسەیە هەیە!

(هەموو هەوڵ دەدەن بەوپەڕی بێدەنگی چای بخۆنەوە و



گەدەیان پڕ بکەن. ژنی گەنج چای بۆ ئەوانی تر تێ دەکاتەوە.

پیرەژن کاتێک شتەکانی بەردەستی تەواو دەبێت، قۆڵی کوڕی خۆی دەگوشێت و داوای شتی تری لێ دەکات. هەندێک جاریش داوا لە کوڕەزاکەی دەکات. بەڵام بەردەوام بەدزیی ژنەوە. لەپڕ پیرەمێرد لە جێگەدا ڕاست دەبێتەوە. بێ واتایانە سەیری ئەوانەی دەوری خوان دەکات.)

**پیرەژن:**

وەرە بەرەوە. (ڕوو لەوانی تر دەکات) ڕێ بکەنەوە، با نیزیک بێتەوە. وەرە پێشەوە. (بە دەست ڕای دەکێشێت و هەوڵ دەدات لە خوان نێزیکی بخاتەوە.) دە وەرە بەرەوە!

(پیاویش یارمەتیی دەدات. پیرەژن هەوڵ دەدات هەندێک شت بکاتە دەمی مێردییەوە. پیرەمێرد بە دژواری قووتی دەدات وەک ئەوەی دەرمانێکی تاڵ بخواتەوە.)

**پیرەژن:**

(دەست بەرز دەکات و لە خوا دەپاڕێتەوە) پەروەردگارم! مەمگەیەنە بەو حاڵە. هەر ڕۆژێک وادەی مەرگم هات، بە بێدەنگی بمبەرەوە بۆ خۆت.

**پیرەمێرد:**

(بە دەنگێکی زۆر نزمتر لە دەنگی ئەوانی تر، دەنگێک کە بە ئاستەم دەبیسترێت) هەمووان ڕۆیشتن. منیش ڕۆیشتم.

**پیاو:**

نانەکەت بخۆ بابە.

**پیرەمێرد:**

گەنجان هەموو ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. بەڵام ئێمە چیمان کرد؟ گەڕاینەوە. دوای بەسەرچوونی هەر زستانێک گەڕاینەوە. بە درێژاییی زستان کارمان کرد و بە دەستکەوتی ئارد، شەکر، خوێ، گەنم و جۆوە گەڕاینەوە بۆ ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە لە زستاندا بیخۆن. هەموو ساڵێک ئێوەمان فێر کرد بێدەنگتر بن و خۆمان گەڕاینەوە. ئیتر هەموومان لێرەین. بۆیە مافی منە یەکەم کەس خۆم تفەنگ بتەقێنم. ئەمە هەموو ساڵێک هەر وا بووە. ئێستاش هەر وا دەبێت. لەمەودواش هەر وا دەبێت.

**پیاو:**

گەدەت پڕ بکە بابە.

**پیرەمێرد:**

جوامێر و ئازا ئەو کەسەیە ساوای خۆی گەورە بکات و بگەڕێتەوە. ئازا ئەو کەسەیە تامی هاوارکردن بزانێت و سەرەڕای ئەوەش هاتنەوە هەڵبژێرێت. ئایا کەس هیچ قسەیەکی هەیە لە دژی ئازایەتیی من؟ (بێدەنگی.) کەی تفەنگەکان دەتەقێنین؟

**پیاو:**

لەوانەیە سبەینێ بابە.

**پیرەمێرد:**

فەرامۆشم دەکەن. گوایە وەک فیلی نێزیک لە سەرەمەرگ بۆ خاکی خۆم گەڕاومەتەوە.



**پیاو:**

بابە، چی دەڵێن با بیڵێن. هەمووان دەزانن تۆ لەبەر خۆشەویستیی خاک بۆ ئێرە گەڕاویتەوە.

**پیرەمێرد:**

(دەگری) لە ڕاستیدا ئەگەر بپرسیت، خۆیشم بەتەواوی نازانم بۆچی گەڕاومەتەوە. ئیتر نە خواردن و نە خواردنەوە هیچ تام و چێژێکم پێ نابەخشن... تەنانەت تەقاندنی تفەنگیش. نە باڵندە دەجریوێنێت و نە ددان هیچ دەبڕێت! توخوا ئەمە ژیانە!

**پیرەژن:**

(لەبەر خۆیەوە) ددانەکانت هەموو کات تیژ بوون و باڵندەشت هیچ کاتێک بێدەنگ نەبوو! ڕازی بە بە ژیانی ڕابردووت! (ڕوو لە مێردی خۆی دەکات) دەی وەک شێت قسە مەکە!

**ژن:**

(بەتەواوی بێدەنگە) بێزار بووم!

**پیرەمێرد:**

برادەر! ئەگەر لە ژیاندا بیت، پێویستە مەلت بخوێنێت و ددانت توانای بڕینی هەبێت! ئەوسا من دەڵێم مرۆڤ دەژی.

**پیرەژن:**

ڕۆژانی جریواندنی باڵندەکەشتمان دی! هەمووان چێژ و خۆشییان لێ وەرگرت. بۆچی مەگەر سوودی بۆ ئێمە هەبوو؟

**پیرەمێر:**

ئەگەر نرخی نەزانیت، بێگومان سوودی نابێت.

**پیرەژن:**

تۆ ئەگەر بتەوێت باڵندەکەت ڕۆژی سێ جار بجریوێنێت، نە نرخ دەمێنێت و نە حەز! ئەگەر هەموو ڕۆژێک هەنگوینیش بخۆیت، لێی بێزار دەبیت!

**پیرەمێرد:**

جا ئەگەر تۆ نەتەوێت بجریوێنێت، کەسانی تر دەیخەنە جریوەجریو. هەندێک لای خۆیشت بەدوای تاوانباریدا بگەڕێ!

**پیرەژن:**

چاک دەستی کردووە بە چەنەبازی! نەمردم و خوا ئەو ڕۆژەیشی پێشان دام تێیدا باڵندەکەت بێدەنگ ببینم! ئیتر بشمرم خەمم نییە! (تووڕە دەبێت) چایەکەت بخۆرەوە! چای خواردنەوە پێویستی بە ددان نییە! بڕوانە، بەبێ ددانیش هەندێک شت دەکەوێتە گەدەتەوە. خۆ ئەگەر مەلەکەت نەجریوێنێت، هەوڵدانیش بێ سوودە!

**پیرەمێرد:**

(هەڵدەچێت) بەسە پیرەژن! دەست مەخەرە هەموو شتێکمەوە!

**پیرەژن:**

مادام وایە، باشە. کەمێک زیاتر بسووتێ بە دەردی خۆتەوە! بگری! بگری! ئاسوودە دەبیت، بگری!
(پیرەمێرد بەکپی دەگری و ئەوانی تر لە خواردنی تاشتی بەردەوامن. دەوروبەر تەواو ڕووناک بووەتەوە، وەک ئەوەی هەتاو لە ژوورەوە بێت. پیرەمێردیش چای دەخواتەوە و بەرچای تەواو دەکات. هەڵدەسێت و دەڕواتە ئاودەست.



ژن و ژنی گەنج دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی خوان. پیرەمێرد دێتەوە و دادەنیشێت.
لە کاتێکدا ژنی گەنج بە بێدەنگی لە شوێنی ئاشپەزخانە ئاسا قاپ و قاچاخ دەشۆرێت، پیرەمێرد بە دەست ئاماژە بۆ ژن دەکات جگەرەی بداتێ.)

**پیاو:**

بیدەرێ!
(دانەیەک لە جگەرە شاردراوەکانی خۆی بۆ پیرەمێرد درێژ دەکات. پیرەمێرد بە خۆشحاڵییەوە لێی وەردەگرێت. بە ئاماژە کوڕی خۆی ئاگەدار دەکاتەوە بۆی دابگیرسێنێت. پیاو جگەرەکەی باوکی دادەگیرسێنێت.)

**پیرەمێرد:**

(بەچێژەوە دووکەڵی جگەرە هەڵدەمژێت و دەیباتە ناو سییەکانییەوە. ماوەیەک خەیاڵی دەڕوات. ڕوو لە کوڕەکەی دەکات) تۆ مامت نەناسی. ئەگەر لە ژیاندا بوایە، ئێستا لێرە لە تەنیشتمەوە دەبوو. دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو. منداڵێکی داخراو بوو. هیچ قسەی نەدەکرد. هەموومان دەترساین غەڵبەغەڵبێک دروست بێت و بەفری چیا هەرەس بهێنێت. بەڵام ئەو زیاتر دەترسا. (ئاماژە بۆ ژوورەکە دەکات) بە تەنیشت یەکەوە دەنووستین. هەندێک جار بە شەوان لە تاو مێردەزمە لە خەو هۆشیار دەبووەوە. سەرتاپای جەستەی لە ئارەق دەنیشت. لێم دەپرسی چی بووە. وەڵامی نەدەدایەوە. پاشان ڕۆژێک دوای ئەوەی بەڵێنی لێم وەرگرت بۆ کەسی ناگێڕمەوە، هەموو

ترسەکانی خۆی بۆم هەڵڕشت. باسی ئەوەی هەر لە خۆیەوە هەست دەکات دوور نییە بەگرمەیەکی هەور کۆتا بە هەموو شتێک بێت. "با چەندی دەمانەوێت وریا بین، باشە ئەگەر کەسێکی تر هەڵەیەکی کرد؟ لە چاوترووکاندنێکدا لەناو دەچین. گرمەیەک و نامێنین! هیچمان لە دەست نایەت. پەروەردگارم، بێچارەیی شتێکی چەند خراپە!" دەترسا و هەموو ژیانی بەترسی هەرەسهێنانی بەفرەوە بەسەر برد. ترس مرۆڤ لە بن دەهێنێت. لە ناوی دەبات. ترس کرمێکە و لەبەرەوە مرۆڤ دادەڕزێنێت. دیسان شەوێکی تر هۆشیار بووەوە. ڕێک ئەمەی پێم گوت: "دەمەوێت ئێستا بچمە دەرێ و هاوار بکەم. هەست دەکەم ئەم ویستەی خۆمم لەوە زیاتر پێ جڵەو ناکرێت." من گوتم: "مەگەر شێت بوویت؟ بەفر هەرەس دەهێنێت و هەموومان دەمرین. ئەی مەگەر تۆ لە هەرەسی بەفر نەدەترسایت! یان ناترسیت؟" ئەو گوتی: "ترس ڕێ لە مردن ناگرێت. ئیتر بێزار بووم لە ترسان. هیچ ئومێدێکی تریشم نەماوە بۆ نەترسان! مردن و هیچ نەترسان باشترە لەوەی مرۆڤ بەردەوام بەترسەوە بژی. ڕۆژێک پڕ بەدەم هاوار دەکەم و بەو جۆرە لە ترسەکانم ڕزگارم دەبێت! دەمەوێت هاوار بکەم!" من گوتم: "باشە. بەو شێوەیە ئێمەش لە ترس ڕزگار دەکەیت." ئەمەم لە دەم دەرچوو و گوتم، بەڵام دوایی زۆر ترسام. بیرم کردەوە باشە چی بکەم ئەگەر قسەکانم بەهەند وەربگرێت و هاوار بکات؟

(پیرەمێرد لەپڕ خەو دەیباتەوە. پیاو تەپڵەکی جگەرەی باوکی هەڵدەگرێت و دەیبات. ژنی گەنج لە کاتێکدا قاپ دەشۆرێت، لەپڕ لەتر دەدات و لە تاو ئازار چارەی خۆی گرژ دەکات. پیاوی



گەنج لە ڕەوشی ژنی خۆی دەکەوێتە گومانەوە و دەچێت بەلایەوە.)

**پیاوی گەنج:**

(بەشێوەیەک کەس گوێی لێ نەبێت) چی بوو؟

**ژنی گەنج:**

دیسان دەستی پێ کردەوە.

**پیاوی گەنج:**

بەسەردەچێت.

**ژنی گەنج:**

خۆم پێ ڕاناگیرێت. (دەناڵێنێت) خۆم پێ ڕاناگیرێت.

**پیاوی گەنج:**

پێویستە خۆت ڕابگریت!

**ژنی گەنج:**

بەدەست خۆم نییە.

**پیاوی گەنج:**

پشووت درێژ بێت!

(پیرەژن دەکەوێتە گومانەوە و سەیری هەردووکیان دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێ ناگات چ باسە.)

**ژنی گەنج:**

دەتوانم چی بکەم؟

**پیاوی گەنج:**

با تێ نەگەن!

**ژنی گەنج:**

چۆن؟

**پیاوی گەنج:**

با بچینە ژوورەوە.

(ژنی گەنج و پیاوی گەنج لەسەرخۆ دەچنە ژوورەوە. وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، بە بێدەنگی دەچنە ژوورەوە. ئازاری ژنی گەنج بەردەوامە.)

**پیاوی گەنج:**

ئێستا چۆنە؟

**ژنی گەنج:**

بەردەوامە!

**پیاوی گەنج:**

دەڕوات و دەبڕێتەوە.

**ژنی گەنج:**

وا بزانم ئەوەی لێی دەترسام بەسەرمان هات. تا ئێستا ئازاری وام نەبووە. ئەمە، شتێکی تر نییە. ژانی منداڵبوونە! بێ هیچ گومانێک ژانی منداڵبوونە! (بە بێدەنگی دەگری.)

ئێستا چ دەقەومێت؟ چ بکەین؟

**پیاوی گەنج:**

(بێچارەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا) نەخێر! ئێ خۆ کاتی نەهاتووە! یەکەم پێکەوە نووستنمان نێزیکەی سەری ساڵ بوو. هێشتا تەنانەت نەبووە بە نۆ مانگیش. بگرە دە ڕۆژی ماوە. (بە



پەنجەکانی دەیژمێرێت.) هێشتا بەلایەنی کەمەوە مانگێک ماوە بۆ منداڵبوونت. دەڕوات و دەبڕێتەوە. دەست لە ڕەشبینی هەڵبگرە!

(ژن هەست بە نەبوونی بووکی دەکات. سەیری قاپەکان دەکات. وا دەزانێت قاپەکانی بۆ ئەم بەجێ هێشتووە. تووڕە دەبێت و دەست دەکات بە شۆرینیان.

پیاو هەوڵ دەدات شێوە بە تەختەکانی بەردەمی ببەخشێت.

پیرەژن هەوڵ دەدات حاڵی بێت چ دەگوزەرێت. پیرەمێرد نوقمی خەیاڵ بووە. تەنانەت هێدی هێدی دەپرخێنێت. ژن لە شۆرینی قاپەکان بووەتەوە.)

**ژن:**

(بەدەم وشککردنەوەی دەستەکانییەوە ڕوو لە مێردی خۆی دەکات) بووکی خۆت نەدی؟

**پیاو:**

چوونە ژووری خۆیان. بۆچی دەپرسیت؟

**ژن:**

قاپەکانی بەجێ هێشتووە و نەیشۆریون.

**پیاو:**

ئەوەندە سەر مەخەرە سەری. وادەی منداڵبوونی نێزیک بووەتەوە.

**ژن:**

خۆزگە منیش غەزوورێکی وەک تۆم هەبووایە. کەسێک نەبوو بەو جۆرە بیر لە من بکاتەوە.

**پیاو:**

کای کۆن بە با مەکە.

**ژن:**

کاتێک باس دێتە سەر من، دەست پێ مەکە! بەڵام ئێستا من خەمی ئەوان دەخۆم. خەمی هەردووکیشیان بەجارێک!

**پیاو:**

دەبێت خەمیان بخۆیت. ئەوە کاری تۆیە! ئەوانیش دوارۆژ چاویان لە ئێمە دەبێت.

**ژن:**

پێم سەیرە ئومێدت بە گەنجانی ئەم ڕۆژگارە هەیە. کێ گەڕاوەتەوە تا ئەوان بگەڕێنەوە؟ بە تایبەتیش با منداڵێکیان ببێت، ئەوسا دەبینیت. بۆچی هەر ئەوەندەی ڕۆیشتن، جارێکی تر دەگەڕێنەوە؟ لە نەوەی نوێ منداڵی کێ گەڕایەوە تا ئەمان بگەڕێنەوە؟

**پیاو:**

کوڕی من جیاوازە. دەگەڕێتەوە.

**ژن:**

کوڕەکەت دەخوازێت بگەڕێتەوە، بەڵام ئایا بووکەکەت مۆڵەتی دەدات؟ بڕوانە کوڕەکەت چۆن بەردەوام چاوی لە دەمیەتی. وا دەزانێت ژنی کەس دووگیان نەبووە.

(پیرەژن هەستی بە دەمەقاڵەی نێوان کوڕ و بووکی خۆی کردووە. هەوڵ دەدات تێ بگات، بەڵام هەیهات! لەلایەکی تریش دەکۆشێت ئەوانەی ژوورەوە ببینێت.)



**پیاو:**

دیسان وەک خەسوو خۆت مەنوێنە!

**ژن:**

هەر کاتێک من ڕاستی بڵێم، ئەمە دەبێت بە خەسووییکردن؟

**پیاو:**

زۆر درێژەت دایێ. بووکێنیی تۆیشمان دی. ڕەفتارەکانتم لە دژی دایکم لە بیر نەچووە. هێشتا تاڵاو دەکەیت بەگەرووی ئەو ژنەدا.

(بێدەنگی... ئازاری ژنی گەنج بەسەرچووە. پیاوی گەنج بە خاولی دڵۆپەی ئارەقەی سەر ڕووی ژنەکەی وشک دەکاتەوە.)

**پیاوی گەنج:**

بڕوانە، بەسەرچوو.

**ژنی گەنج:**

خوا یار بێت.

**پیاوی گەنج:**

با بچینەوە بۆ لایان بۆ ئەوەی ئەوانی تر هەست بە هیچ نەکەن.

(پیاوی گەنج و ژنەکەی دێنەوە بۆ ژووری دانیشتن. پیرەژن هێشتا حاڵی نەبووە. بەڵام دیارە لە ئەقڵی خۆیدا هەوڵ دەدات تێ بگات چ باسە.

ژنی گەنج بەرەو ئاشپەزخانە دەڕوات.)

**ژن:**

(بە توانجەوە) ئەرک مەکێشە کچم، قاپەکانم شۆری.

**پیاوی گەنج:**

دایە، کەمێک سەری گێژ بوو.

(پیاوی گەنج لە تەنیشت باوکییەوە دادەنیشێت. پارچەیەک لە تەختەکان بە دەستەوە دەگرێت و دەست دەکات بە تاشینی. دانەیەکی تەواو کردووە. لە پاڵ تەواوکراوەکاندا دای دەنێت و دانەیەکی تر بە دەستەوە دەگرێت.

ژنی گەنج، پیرەمێرد دادەپۆشێت. سۆپا تێک دەدات.)

**پیرەژن:**

(بەشەرمەوە) کوڕم، دەمبەیت بۆ....

(پیاو و پیاوی گەنج یەکسەر لە شوێنی خۆیان ڕادەپەڕن. دیارە پیرەژن ناتوانێت بڕوات بەڕێوە. هەردووکیان دەچنە ژێر باڵی و دەیبەنە ئاودەست.)

**ژن:**

(هەڵدەستێت و بەدوای ئەواندا دەرگە پێوە دەدات.) خەریک بوو بتەقێت!

**ژنی گەنج:**

دایە، بەس نییە خۆی داوا دەکات. باشە ئەگەر نەیگوتبا، ئەوسا چمان بکردایە؟

**ژن:**

(تووڕەیە) چیمان بکردایە؟ بە بێچارەیی خۆمان دەدایە بەر. باکم لەوەش نییە داوام لێ بکرێت کاری ماڵەوە بکەم!

**ژنی گەنج:**

لێم ببوورە دایە. بارم بەتەواوی گران بووە. لەگەڵ ئەوەشدا



چەندی لە دەستم بێت، هەوڵ دەدەم هاوکاری بکەم.

(ژن وەڵام ناداتەوە. بێدەنگ دەبن.

پیاو و پیاوی گەنج پیرەژن دەهێننەوە. وا دێتە پێش چاو وەک ئەوەی پاڵی پێوە بنێن. لە جێگەدا درێژی دەکەن.)

**پیرەژن:**

دەک خوا لێتان ڕازی بێت! دەست بۆ هەرچییەک ببەن، ببێت بە زێڕ بەدەستانەوە! خوا گشت مرازێکتان بەدی بهێنێت! خوا کوڕێکی خرپن و چاوگەشت بداتێ!

**پیاوی گەنج:**

بە ئومێدی خوا داپیرە. خوا لە ڕۆژ و سەعاتی خۆیدا بیدات! بەو جۆرە لە ترسەکانمان ڕزگارمان دەبێت!

(پیاو و پیاوی گەنج دیسان پارچەی تەختە بە دەستەوە دەگرن. لەسەر تەختە تاشین بەردەوام دەبن.

پیرەژن ئاماژەی پژمین پێشان دەدات. دەم و لووتی دەگرێت و بێدەنگ دەپژمێت.)

**ئەوانی تر:**

خوا ڕەحمەت پێ بکات!

**پیرەژن:**

لە ئێوەش.

**پیرەمێرد:**

(لەپڕ لە خەو هۆشیار دەبێتەوە. بەسەرهاتی تایبەت بە برای، لەو شوێنەوەی لێی ڕاوەستابوو، دەست پێ دەکاتەوە.) گوتم:

"نەخێر! نابێت شتی وا بکەیت! بۆت نییە هاوار بکەیت، چونکە هەموومان دەمرین! بیرت لەوە کردووەتەوە هەموومان دەمرین؟" / "بیرم لێ کردووەتەوە، بەڵام خۆم پێ ڕام ناکرێت. دەمەوێت برۆمە بەردەم دەرگە و هاوار بکەم." دەمدی بەدەم ئەو قسانەوە خەمباریش دەبوو، چونکە دەگریا. بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی "ئەگەر وا بێت، هەمووتان لەسەر دەستی من دەمرن. ئەی پەروەردگارم، ئەمە چ خەم و خەفەتێکە! هەرگیز نەبیندراوە کەسێک هێندە حەزی لە هاوارکردن بێت. هاوتای داواکردنی ژنە. لە ناخی دڵمەوە دەمەوێت هاوار بکەم. ناتوانم دەست لەم بیرکردنەوانەم هەڵبگرم. خۆمم پێ جڵەو ناکرێت." ڕەوشی من زۆر دژوارتر بوو، چونکە هەمووان یەک ترسیان هەبوو؛ هەرەسی بەفر. بەڵام ترسی من ئەوە بوو کاکم ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوار بکات. دیارە ئەویش لە ئاکامدا هەرەسی بەفری لێ دەکەوتەوە. کاتێک دەچوو بۆ ئاودەست، دوای دەکەوتم. بەردەوام بە نیگای پڕ لە پاڕانەوەوە سەیری ناوچاوانیم دەکرد. جاری وا هەبوو دەستەکانی گرمۆڵە دەکرد و دەمی دادەچەقاند، بەڵام ئەگەر نیگای بێچارەی منی دەدی، ددانەکانی لە یەک گیر دەکرد و هاوارکردنی دوادەخست. پاشان ڕۆژێک گوتی: "ئیتر نامەوێت هاوار بکەم." / "بەڕاستتە؟" / "بەڵێ." نازانم بەچی زمانێک باسی خۆشحاڵیی خۆم بگێڕمەوە. خۆمم پێ ڕانەگیرا و فرمێسک بە چاوانمدا هاتە خوارێ. من وام زانی چاک بووە، کەچی ئەو درێژەی دایێ: "ئەوە هاواریشم کرد، باشە تا چەند دەتوانم هاوار بکەم؟ بە هاوارکردن دڵم ئاو ناخواتەوە. تفەنگ



دەتەقێنم! بەڵێ، بەڵێ، تفەنگ دەتەقێنم! چونکە ئەگەر تفەنگ بتەقێنم، ئەو شاخانە بەشێوەیەکی زۆر جیاواز بەسەرماندا بەر دەبنەوە!" ئەی خوای مەزن... کاکم بەڕاستی خەریک بوو هۆشی لە دەست دەدا و بەپێش چاومانەوە شێت دەبوو. هیچم لە دەست نەدەهات. چووم و مەسەلەکەم بۆ باوکم گێڕایەوە. باوکم گوتی: "ئەمە باشە! ئەگەر فیشەکەکان بشارینەوە، هیچ ناقەومێت." من گوتم: "بەڵام ئەمەیش چارەیەکی باش نییە. باشە ئەگەر تووڕە بوو؟ من باوەڕم وایە ئەگەر بواری نەدرێتێ تفەنگ بتەقێنێت، تووڕە دەبێت و بەدوای ئەوەشدا هاوار دەکات. بابە، مەرج نییە بەفری چیا تەنیا بە دەنگی تفەنگ هەرەس بهێنێت، هاوارێکی بەهێز بەسە بۆ بڕانەوە و تەواوبوونی هەموو شتێک. کاکم ئەمەی لە سەری خۆی ناوە. بەفری چیا دەڕووخێنێت بەسەرماندا. تۆ هێشتا هەوڵ دەدەیت بەناوی پاراستنی ئەوەوە ئەو ڕاستییە پەردەپۆش بکەیت! خۆ منیش کوڕی تۆم. ئەگەر بەفر هەرەس بهێنێت، منیش دەمرم. ئێوەش... ئەگەر خەڵکی ئاواییش ئاگەدار نەکەینەوە، تەنیا تۆ نا، ئێمەش گوناهبار دەبین، تەنانەت ئەگەر ڕزگاریش بین. بابە، پێویستە ئیتر ئەم ڕاستییە پەسەند بکەیت. کاکم شێت بووە. ئەگەر ئاگەداریان نەکەینەوە بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، چی بکەین ئەگەر، خوایە دوور بێت، کەللەیی بێت و هاوار بکات؟ ئەگەر بەفر بە گرمە وناڵەوە هەرەس بهێنێت، کێمان ڕزگاری دەبێت؟ ئایا لەم کارەدا بەزەیی دەبێت؟ باشە دەبێت بەبیانووی بەزەیی هاتنەوە بە کەسێکدا ببین بەهۆی مردنی هەمووان؟

بابە، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە کاکیشم بووە، هەر دەبێت خەڵک ئاگەدار بکەیتەوە!" باوکم بۆ یەکەم جار بەدەربەستەوە بیری کردەوە. زۆر خۆی پێ ڕانەگیرا و گوتی: "قسەی تۆیە!" چوو ئەنجوومەنی پیرانی لە بارودۆخ ئاگەدار کردەوە. ئەوانیش بە بێدەنگی گوێیان ڕاگرت. تاوێکی درێژ نەیانتوانی وەڵام بدەنەوە، چونکە جاری یەکەم بوو ڕووبەڕووی ڕەوشێکی لەو جۆرە دەبوونەوە. باوکم گوتی: "چی لە کوڕەکەم دەکەن؟ مافی خۆمە بیزانم." دادوەران پاش کەمێک بیرکردنەوە گوتیان: "برا، کار ماوەتەوە سەر ئەوەی چی بکەین؟ ئاشکرایە چی دەکەین. بێگومان چاوەڕێی ڕۆژی مردنمان ناکەین! دەمی دەبەستین، دەست و قاچی گرێ دەدەین و لە گۆشەیەک درێژی دەکەین." / "تا کەی؟" / "تا ئەو ڕۆژەی مەترسیی هەرەسی بەفر دەڕەوێتەوە. نەخێر، نەخێر، مەحاڵە بتوانین دەمی بکەینەوە. چۆن متمانە بە کەسێک بکەین هۆشی لە دەست دابێت؟ باشە ئەگەر هاواری کرد؟" بەڵام باوکم گوتی: "مرۆڤ ئەگەر ئاو نەخواتەوە و نان نەخوات، چۆن دەژی؟ ئێوە بە ئاشکرا کوڕەکەم ڕادەستی مردن دەکەن." بەڵام ئەوان تەنانەت گوێشیان لێ نەگرت. یەکسەر دەمی کاکمیان بەست و دەست و قۆڵیان گرێ دا و لە دیوەخان ڕایان کێشا. پاسەوانەکان جاروبار شتێک خواردنیان دەدایێ. بۆ ئەوەی ڕێی هاوارکردنی لێ بگرن، لە کاتی نانخواردندا لەلایەک شتێک خواردنیان دەکردە دەمییەوە و لەلایەکی تر، لە ترسی ئەوەی نەبادا لەپڕ هاوار بکات، دەستی قورسیان لەسەر دەمی هەڵنەدەگرت. ئەو



کارە پازدە ڕۆژی خایەند. پازدە ڕۆژ... هەر بە زمان خۆشە!. پاشان ڕۆژێک هاتن و گوتیان: "کوڕەکەتان مرد!" هەرگیز نەمانزانی ئایا خۆی مرد، یان پاسەوانەکان خنکاندیان؟

(خەوی لێ دەکەوێت.)

**پیاو:**

(ڕووی قسە لە کوڕی خۆی دەکات) ئەم بەسەرهاتە دەزانی؟

**پیاوی گەنج:**

جا دەبێت نەزانم؟

**ژن:**

چەند جارە گوێمان لێ دەبێت!

**ژنی گەنج:**

تەنانەت من بەلایەنی کەمەوە سێ جار گوێم لێ بووە.

**پیرەژن:**

دوای نەمانی ترسی بەفر (ڕوو لە کوڕی خۆی دەکات) تۆ نۆبەرەی خۆمان بوویت. دوای بارینی یەکەم بەفر ئێرەمان بەجێ هێشت و ڕۆیشتین. لەو شوێنەی بۆیشی چووین، ماوەیەکی درێژ ئاوا بێدەنگ بووین. ئەو شوێنەی لێی ماینەوە، گەڕەکی ئەو کۆچبەرانە بوو کە لێرەوە کۆچیان دەکرد. خووەکانی ئێرە وەک خۆیان لەوێش بەردەوام دەبوون. واتە ئێمەی کۆچبەر بێدەنگ و تۆقیو بووین. خەڵکی ئەوێ ئێمەیان زۆر خۆش دەویست. دەیانویست لە هەموو کارێکدا ئێمە کاریان بۆ بکەین، چونکە هەرگیز نەماندەگوت نا و نارەزاییمان پێشان نەدەدا. چییان بدایە پێمان، وەرمان دەگرت، نەشیان

دایە، نارەزاییان دەرنەدەبڕی. وەرە، وەرە... بڕۆ، بڕۆ...
هەرچی کاری گران هەبوو، ئێمە دەمانکرد! خەڵکی ئەوێ زۆر جیاواز بوون لە ئێمە. دەم بەهەرا و شەڕکەر بوون. دەیانتوانی پڕ بە دەم پێ بکەنن. ئێمەیان زۆر خۆش دەویست، بەڵام مۆڵەتیان نەدەدا باسی ئێرەیان بۆ بکەین. دەیانگوت: "باوەشمان بۆتان کردووەتەوە! چیتان دەوێت لەوە زیاتر! بۆ خۆتان کار بکەن! ڕێ نادەین ئاژاوە ڕوو بدات!" پاشان منداڵی دووەمم لە دایک بوو. ئەویش کوڕ بوو. بەڵام نەیتوانی بژی. دواتر کچێکم بوو. ئەویش نەژیا. (ئاماژە بۆ مێردی دەکات) ئەمیش گۆڕانی بەسەردا هات. بە قسە دیسان بۆ کاکی خەمگین بوو. هەموو شەوێک بەسەرخۆشی دەهاتەوە بۆ ماڵ. دەیگوت: "ئەم ئازارە لە ناوم دەبات!" باوەڕم پێی دەکرد. دواتر بۆم ئاشکرا بوو دەچوو بۆ لای ژنێکی تر. ئەگەر لێم دەپرسی: "بۆچی دەڕۆیت؟" دەیگوت: "من لە تاو براکەم نازانم چی دەکەم. ئەوەندە سەر مەخە سەرم!" دەستی بردبوو بۆ گشت ژنانی ئەو دەوروبەرە و هەموو جارێکیش هەمان شتی دەگوت. بیانووی ئەوە بوو کە بەرگەی خەمی لە دەستدانی برای ناگرێت. دەیگوت: "بهێڵە با خۆم سەرقاڵ بکەم، ئەگەر نا، ئەم خەمە لە ناوم دەبات." من زۆر بە باشی فێر بووم ژنان چارەسەرێکی چەند باشن بۆ ڕەواندنەوەی خەمی پیاوان. ژنێکی پیری هاوسێمان هەبوو. زۆر باش دەیزانی مێردی من کەسێکی تا بڵێیت مێبازە. ڕۆژێک هات بۆ ماڵمان و گوتی: "زۆر شێواز هەیە بۆ گەڕاندنەوەی پیاوان بۆ ماڵ! لەبری ئەوەی بگریت و خۆت بشاریتەوە، دەستێک بەخۆتدا بهێنەوە و بە ڕووی



بەخەندەوە پێشوازی لە مێردت بکە!" بە قسەی ئەو ژنەم کرد، بەڵام ئەم منی تەنانەت هەر نەدەبینی. دوای ئەوە ئامۆژگاریمی کرد خۆشترین جۆرەکانی چێشتی بۆ لێ بنێم. بەڵام کاتێک دەهاتەوە بۆ ماڵ، تەنانەت لە خۆشترین خواردنەکانیشی نەدەخوارد، چونکە بە تێری دەهاتەوە. بە سەرخۆشی و تێری. هاوسێی خاوەن ئەزموونمان دواجار پێشنیازی ڕێگەی سێیەمی کرد. گوتی خۆت و منداڵەکەت جاروبار خۆتان نەخۆش بخەن. بەم جۆرە بۆم دەرکەوت مرۆگەل، بەتایبەتی پیاوان لە کاتی نەخۆشیدا بایەخ بە ژن و منداڵ دەدەن. هاوسێکەمان گوتی: "بەتەنیا نەخۆشیی منداڵەکەت بەس نییە. خۆتیش نەخۆش بخە تا ئەو ئومێدی ئەوەی نەبێت تۆ بتوانیت خەمی منداڵەکەت بخۆیت!" بە ئامۆژگاریی ئەو ژنەم کرد و گەڕانەوەی مێردم بۆ ماڵ مسۆگەر کرد. بەڵام بە چ نرخێک! ئێستا سەیری مەکەن وا وەک فریشتە ڕاکشاوە! خەفەتی زۆری دامێ، زۆر!

(ژنی گەنج دیسان لەپڕ بەدەم ئازارەوە سووڕ دەخوات. تەنانەت خۆی گرمۆڵە دەکات. بە هەوڵێکی زۆر دەچێتە ژووری تەنیشت. مێردەکەشی هەستی پێ دەکات و بەدوای ئەودا دەچێتە ژوورێ. پێشتریش بەردەوام چاودێریی ژنی خۆی دەکات.
پیرەژنیش دەیانبینێت. بە سەرسوڕمانەوە هەوڵ دەدات لە دۆخەکە تێ بگات.)

**ژنی گەنج:**

خۆم پێ ڕاناگیرێت! ئەی پەروەردگارم! خۆم پێ ڕاناگیرێت!

**پیاوی گەنج:**

چیم لە دەست دێت؟ ددان بەخۆتدا بگرە!

**ژنی گەنج:**

ئەمە ژانی منداڵبوونە. ئیتر تێ بگە! هاوار ئەی پەروەردگارم! چی دەکەیت، بیکە! ڕزگارم بکە.

(پیرەژن دەکۆشێت بە ئاماژەی دەست شتگەلێک لە پیاو بگەیەنێت. پیاو ئاماژەکانی دایکی نابینێت. پیرەژن بە شپرزەیی هەڵدەستێتە سەرپێ و بەرەو لای کوڕی خۆی دەڕوات. ژن پێی وا بووە پیرەژن ناتوانێت بڕوات بەڕێوە، بۆیە کاتێک دەبینێت وا دەڕوات، سەری سوڕ دەمێنێت و ئەوەندەی نامێنێت زمانی قفڵ بێت.)

**پیرەژن:**

کوڕم! بووک!

**پیاو:**

چی بوو دایە؟

**ژن:**

ڕێی کرد! دایکت ڕێ دەکات!

**پیاو:**

دایە، ڕێ دەکەیت!

**پیرەژن:**

ڕێ دەکەم؟ بەڵێ، بەڵێ ڕێ دەکەم. ئێستا واز لە ڕۆیشتن و مۆیشتنم بهێنن. بووک منداڵی دەبێت!



**پیاو:**

ئەوە چی دەڵێیت دایە؟

**ژن:**

دایکت دەڕوات بەڕێوە!

**پیاو:**

ئەرێ ژنە گوێت لێ نەبوو چی گوت؟ دەڵێت بووک منداڵی دەبێت!

(هەرسێکیان دەچنە ژووری تەنیشت. تاوێک بەسەرسوڕمانەوە چاودێری دەکەن. ئەوان هەستیان بەهاتنی ئەمان نەکردووە. پیاوی گەنج بێ ناوبەر ئاماژە بۆ ژنەکەی دەکات بێدەنگ بێت. ژنی گەنجیش بەدەم ئازارەوە پێچ دەخوات.)

**پیاو:**

چی بووە کوڕم؟

**ژن:**

هیچ شتێک ڕووی داوە؟

**پیاوی گەنج:**

هیچ نەبووە.

**ژن:**

سەیرێک بکە.

**ژنی گەنج:**

سکم دێشێت... (هەوڵ دەدات ئازاری خۆی بشارێتەوە) ئێستا بەسەردەچێت.

(هەموویان چاویان لە ژنی گەنج بڕیوە.
ژنی گەنجیش بەوپەڕی تواناوە هەوڵ دەدات ئازاری خۆی بشارێتەوە. لەوە زیاتر بەرگە ناگرێت و دەکەوێتە زەوی.)

**ژن:**

ئەوە! ئەوە! هاوار خوایە!

**پیاوی گەنج:**

هیچ نییە دایە، تەنیا سکی دێشێت.

**ژن:**

خوا بکەم وا بێت. ئاو دەخۆیتەوە؟

**ژنی گەنج:**

ناتوانم لەوە زیاتر خۆم ڕابگرم. (دەست دەکات بە ناڵین.)

**پیاوی گەنج:**

(بە دەست دەمی ژنەکەی دەگرێت) ئێستا بەسەردەچێت.

**ژن:**

بەسەر ناچێت.

**پیاو:**

چی دەقەومێت؟

**پیاوی گەنج:**

بابە، سکی دێشێت.

**ژن:**

هیچ لە سک ئێشە ناچێت. من چەندین منداڵم بووە. ئەمە ژانە، ژان!



**پیاو:**

خوایە فریامان بکەوە!

**پیرەژن:**

مەگەر من پێتانم نەگوت!

**ژن:**

ئێستا چی بکەین؟
(ئازاری ژنی گەنج بەسەرچووە. بەڵام ڕووی لە ئارەقە نیشتووە.)

**پیاوی گەنج:**

من گوتم بەسەردەچێت. بڕوانن، ئەوەتا بەسەرچوو.

**ژن:**

بەسەر نەچووە. تەنیا پشووی داوە. دوای کەمێکی تر دیسان دەست پێ دەکاتەوە.

**پیاو:**

چۆن دەزانیت؟

**ژن:**

ئەگەر من نەزانم، کێ دەزانێت؟ زیاد لە شەش منداڵم بووە، ئەگەرچی زۆربەشیان نەژیان. با ڕاشکاوانە قسە بکەین، ئەم ئێشە، ژانی منداڵبوونە.
(تاوێک بێدەنگی)

**پیاوی گەنج:**

بەچیدا هێندە دڵنیایت دایە؟

**ژن:**

وا بزانم گوێت لێ نەبوو! جگە لە تۆ، بەلایەنی کەمەوە پێنج جاری تر ئەمەم بەسەرهاتووە.

(دیسان بێدەنگ دەبن)

**پیاو:**

پێویستە دڵنیا بین.

**ژنی گەنج:**

بەسەرچوو. ئازاری سکم هەبوو. ڕۆیشت و بڕایەوە.

**پیرەژن:**

هەموو جارێک بەهەمان شێوەیە. لە پێشدا دێشێت و دوایی بەسەر دەچێت. دیسان دێشێت و بەسەردەچێت. دواییش...

**پیاوی گەنج:**

چۆن؟

**پیاو:**

(بڕیاردەرانە) بڕۆ مامان بانگ بکە.

**پیاوی گەنج:**

بەڵام...

**پیاو:**

ناچارین بانگی بکەین. ئەگەر ژانی منداڵبوون نەبێت، کێشە نابێت. بەو جۆرە ئێوەش ئاسوودە دەبن. نەخەوتن باشترە لە نووستن بە ترسەوە.

**پیاوی گەنج:**

باشە ئەگەر ژانی منداڵبوون بێت؟



**پیاو:**

بڕۆ بانگی بکە، با بێت.

**پیاوی گەنج:**

باشە ئەگەر ژانی منداڵبوون بێت؟

**ژن:**

ئەگەر وا بێت، ئێمە ئەرکی سەرشانی خۆمان بەجێ هێناوە. هیچی ترمان لە دەست نایەت. پێویستە بنێرین بەدوای ماماندا.

(تاوێکی تریش بێدەنگ دەبن.)

**پیاو:**

ناتوانین لەوە زیاتر خۆمان بخەینە ژێر باری لێپرسراوی. تێپەڕبوونی هەر چرکەیەک لە دژی ئێمەیە. پێویستە پابەندی ڕێساکان بین.

**پیاوی گەنج:**

بەڵام...

**پیاو:**

(بڕیاردەرانە) ناتوانین ژیانی ئەوانی تر بخەینە مەترسییەوە. نابێت لە بیرمان بچێت ئەگەر هەواڵێکی ناخۆش هەبێت، پێویستە ئەوانی تر ئاگەدار بکەینەوە. شارەزای ڕێساکانین. ناتوانین بە پێچەوانەی ڕێساکانەوە ڕەفتار بکەین. بڕۆ بانگی مامان بکە.

**پیاوی گەنج:**

نەخێر!

**پیاو:**

پێویستە بانگی بکەین!

**پیاوی گەنج:**

ئەمە ژانی منداڵبوون نییە! پێشتریش تووشی بوو. چووە ئاودەست و لە کۆڵی بووەوە. ئەوەتا هیچ شتێک نییە. وەک دەبینن هیچ ئازاری نەما. با کەمێکی تریش چاوەڕێ بکەین.

**پیاو:**

چاوەڕێی چی بکەین؟ چاوەڕێی زایینی بکەین؟

**پیاوی گەنج:**

ئێ خۆ نازێت!

**پیاو:**

بە چیدا دەزانیت؟ ناچارین دڵنیا بین. گوتم بڕۆ بانگی بکە!

**پیاوی گەنج:**

ڕاوەستە دایە! با لە خۆڕایی خەڵک ڕانەپەڕێنین. چاوەڕێ بکە.

**پیاو:**

چاوەڕێی چی بکەین؟ کاتمان پێ بە فیڕۆ دەدەیت! مەمانخلافێنە! بڕۆ و بانگی بکە!

**ژنی گەنج:**

ڕاوەستە دایە! سەیر بکە، بەسەرچوو! ئازارم نەما. هیچم نییە! سوێند دەخۆم ئەمە ژان و شتی وا نییە!

**پیرەژن:**

ئەگەر ژان نییە، ئەی ئیتر بۆ دەترسیت کچم؟ مامان



دۆخەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئێوە و ئێمەش ئاسوودە دەبین. وا نییە جگەرگۆشەی خۆم؟

**پیاو:**

دایکم ڕاست دەکات. ناچارین دڵنیا بین. تەنیا مامانیش دەتوانێت ئەمەمان پێ بڵێت.

**پیاوی گەنج:**

باشە ئەگەر ژانی منداڵبوون بێت؟

**ژن:**

وەڵامی ئەوەمان دایەوە! مەگەر وەڵاممان نەدایەوە؟ ئەگەر زوو هەواڵ نەگەیەنین، ئایا ئێمەش سزا نادرێین؟ مەگەر نازانیت گەورەترین تاوان شاردنەوەی دۆخێکی لەم جۆرەیە؟

**پیاو:**

(بڕیاردەرانە) ناچارین دڵنیا بین. مەگەر پێشوەخت چوویتە کنی؟

**پیاوی گەنج:**

بابە، چۆن چاوەڕێی نالێپرسراویی لەو جۆرە لە من دەکەیت؟

**پیاو:**

ئەگەر وایە، بۆچی تەگەرە بۆ هاتنی مامان دروست دەکەیت؟ پێم بڵێ، بۆچی؟ دە بیڵێ دەی! بیڵێ! گوتم بیڵێ! بیڵێ! گوێت لێم نییە؟ دە بیڵێ دەی!

(پیاو دەچێتە تەنیشت کوڕەکەیەوە و چەند شوێنێکی لەشی دەگوشێت بۆ ئەوەی تووڕەی بکات.)

**پیاوی گەنج:**

بابە، وا نییە وەک ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. سوێندت بۆ دەخۆم وا نییە!

**پیاو:**

ئەگەر وا نییە، بۆچی دەترسیت هەی گەواد؟ (بەردەوامە لە گوشینی لەشی) نامووس و ئابرووم دەدەیت بە پوولێک. کارخانەچی، نەتدەتوانی مانگێک چاوەڕێ بکەیت! ئەگەر جڵەوی بەنەخوێنی خۆت بە دەستەوە بوایە، شتی وات بەسەر دەهات؟ باشە ئیتر لەمەودوا ڕووی چوونە ناو پیاوانمان دەمێنێت؟ ناومان بە خێزانی بەنەخوێن شل دەردەچێت! هەی بێ شەرم و ڕوو! بە پشووکورتیت ئێمە و خۆیشت خستە مەترسییەوە! لەمەودوا ناو و ناوبانگم دوو پوول ناکات. لە سایەی تۆدا ناومان لێ دەنرێت ئەو ماڵباتەی کە ژیانی کەسانی تر دەخاتە مەترسییەوە! مرۆگەل خۆیان دوور ڕادەگرن لێمان. متمانەمان پێ ناکەن! ترۆمان دەکەن!

**پیاوی گەنج:**

بابە، دەڵێم نەمکردووە!

**ژنی گەنج:**

(دەگری) نەمانکرد بابە! شتێکمان نەکردووە مایەی ترس بێت!

(پیاو لەپڕ هەڵوێستە دەکات. بۆی دەردەکەوێت زۆر شووڵی لێ هەڵکێشاوە.)

**ژن:**

(کوڕەکەی لە دەستی مێردی وەردەگرێت.) دەڵێت نەمکردووە.



وازی لێ بهێنە.

(پیاو کوڕەکەی بەردەدات. تاوێک پشوو دەدات. هێمن دەبێتەوە.)

**پیاو:**

(دیسان بە بڕیارە) ئەگەر وا بێت، پێویستە دڵنیا بین. بڕۆ و بانگی مامان بکە. دەی ڕامەوەستە و خۆت مەخافڵێنە! خێرا بە!

**ژن:**

بڵێم چی؟

**پیاو:**

(بێدەنگ دەبێت. تاوێک بیر دەکاتەوە.) بڕۆ و بڵێ "گومانمان لە ڕەوشی بووکمان هەیە. باش دەبێت ئەگەر سەیرێکی بکەیت. دەمانەوێت دڵنیا بین." بەڵام لە بیرت نەچێت، کەمێک لەمەوبەر ژانی گرت. نابێت بزانن کاتمان لە دەست داوە.

(ژن شتێک دەپۆشێت و بە بێدەنگی ڕوو لە کۆڵان دەکات.

ژنی گەنج لە سەرێکەوە بێچارە دەگری و لە سەرێکی ترەوە هێدفۆنی لە سەر کردووە و گوێ لە موزیکێکی کاریگەر دەگرێت. ئەوانی تریش چاوەڕێ دەکەن.)

پەردە

## بەشی دووەم

٢

(ژنی گەنج خەمبار و نیگەران لە شوێنی خۆی دانیشتووە.
پیاوی گەنج لە نێزیکی ژنەکەیەوە دانیشتووە و بیر دەکاتەوە.
لەوە دەچێت بەدوای چارەسەردا بگەڕێت.
پیرەژن لە شوێنی خۆی دانیشتووە، چاوی لە دەرگە بڕیوە و چاوەڕێ دەکات. پیاو بەناو ماڵدا دێت و دەچێت و جاروبار لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکات. پیرەمێرد خەوتووە.
دەرگەی دەرەوە دەکرێتەوە و ژن دێتە ژوورەوە.)

**پیاو:**

چی بوو؟

**ژن:**

پێم گوت.

**پیاو:**

چی گوت؟

**ژن:**

دێت.

**پیاو:**

بۆچی لەگەڵ تۆدا نەهات؟



**ژن:**

گوتی پێویستە پاسەوانەکانیش ئاگەدار بکاتەوە.

(ژن دەچێت بەلای بووکی خۆیەوە. تاوێک ڕادەوەستێت، پاشان بۆ دڵدانەوەی بووک دەست بە قژیدا دەهێنێت.)

**ژنی گەنج:**

هات؟

**ژن:**

دێت. لە ئامادەنەبوونی مندا هیچ شتێک ڕووی دا؟

**ژنی گەنج:**

نەخێر!

**ژن:**

ئومێدم وایە ئەوەی لێی دەترسین، ناقەومێت.

**ژنی گەنج:**

خوا یار بێت.

**ژن:**

لەوانەیە ژانی منداڵبوونیش نەبێت.

**ژنی گەنج:**

پەنا بە خوا.

**ژن:**

خۆ لە من زیز نەبوویت، وا نییە؟

**ژنی گەنج:**

بۆچی مافی زیزبوونم هەیە؟

**ژن:**

چی بکەین؟ ناچار بووین بە زووترین کات هەواڵ بگەیەنین. جا چ من، چ کەسێکی تر. دەبوو کەسێک بچێت و هەواڵ بگەیەنێت.

**ژنی گەنج:**

دەزانم.

(بێدەنگی.)

**ژنی گەنج:**

دەترسم.

**ژن:**

بەڵام هیچمان لە دەست نایەت!

**ژنی گەنج:**

فرە دەترسم.

(پێ دەچێت پیاو لە پەنجەرەوە هاتنی مامانی بینیبێت، بۆیە شپرزە دەبێت و دەچێتە تەنیشت ژنەوە.)

**پیاو:**

وا دێن!

(ژن و پیاو دەرگە دەکەنەوە.)

**ژن:**

بەخێر بێن!

**پیاو:**

فەرموون.



(لە پێشدا مامان و دوای ئەویش پاسەوانی یەکەم دێتە ژوورەوە.)

**مامان:**

بەیانی باش.

**پاسەوانی یەکەم:**

ڕۆژتان ڕووناک.

**پیاو:**

بەیانی باش.

**ژن:**

هی ئێوەش.

**پیرەژن:**

بەخێر بێیت جگەرگۆشەم.

(مامان دەستی پیرەژن ماچ دەکات.)

**پیرەژن:**

دەست ماچکەرانت زۆر بن جگەرگۆشەم.

(پیاوی گەنج دەستی مامان ماچ دەکات.)

**مامان:**

بێ دەرد و بەڵا بیت کوڕم.

**پیاوی گەنج:**

ژان نییە.

**مامان:**

پەنا بە خوا.

**ژن:**

شتێک دەخۆنەوە؟

**مامان:**

لەم دۆخانەدا کات گرینگە. با دوا نەکەوین. ئەگەر شتێکی وەک ئەوەی ئێوە لێی دەترسن، لە ئارادا نەبێت، پێش ڕۆیشتنم قاوەی ماڵتان دەخۆمەوە.

**ژن:**

خوا یار بێت.

**مامان:**

خوا یار بێت. بووک لە کوێیە؟

(ژن لە پێشەوە و مامان بە دوایدا دەچنە ژوورەوە.)

**پیاو:**

(ڕووی قسەی لە پاسەوانی یەکەمە) بە پێوە ڕامەوەستە!

(پاسەوانی یەکەم دادەنیشێت. مامان دەچێتە لای ژنی گەنج. دەست بە قژیدا دەهێنێت.)

**مامان:**

(ڕووی قسەی لە ژنە) تۆ بڕۆ دەرێ!

(ژن دەچێتەوە بۆ لای ئەوانی تر.)

**مامان:**

کەفارەتی گوناه بێت کچم.

**ژنی گەنج:**

(بەدەنگی لەرزۆکەوە) سوپاس پوورێ.



**مامان:**

با جارێ قسە بکەین.

**ژنی گەنج:**

بەڵێ، باشە.

**مامان:**

بەڵام دەبێت بەڕاستی وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە. باشە؟

**ژنی گەنج:**

باشە.

**مامان:**

شەوی بووک و زاواییتان کەی بوو؟

**ژنی گەنج:**

ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەم.

**مامان:**

پێشتر هیچ ڕووی دا لە نێوانتاندا؟ ماچ و شتی لەو جۆرە؟ لەوانەیە بێئەقڵیتان کردبێت و کەمێک زیاد پێتان ڕاکێشابێت. نابێت لێم بشاریتەوە.

**ژنی گەنج:**

جا بە خوا هیچ ناشارمەوە!

**مامان:**

بۆ بەرژەوەندیی خۆت پرسیار دەکەم.

**ژنی گەنج:**

سوێند دەخۆم هیچ ناشارمەوە.

(مامان بە هاوکاری پەنجەکانی دەست دەکات بە ژماردن. پاشان ژماردن دووبارە دەکاتەوە.)

**ژنی گەنج:**

زۆر دەترسم پووری.

**مامان:**

هیچ شتێکی مایەی ترس لە ئارادا نییە جگەرگۆشەم. هیچ هەڵەیەک لە کاتدا نییە. بەم حسێبە بێت، هێشتا بەلایەنی کەمەوە مانگێکت ماوە بۆ منداڵبوون.

**ژنی گەنج:**

پەنا بە خوا.

**مامان:**

ئەگەر ئێستا منداڵت ببێت، واتە دەبێت یەکەم سەرجێییکردنتان زۆر زووتر بووبێت. (دیسان دەست دەکات بە ژماردن.) بەڵێ، تەواوە. بەڵام دەزانیت حسێبی هەڵە بگاتە بەغداش، دەگەڕێتەوە. ئەگەر هیچم لێ نەشاریتەوە، ئەوەی هەستی پێ دەکەیت، ژانی منداڵبوون نییە. (بە گومانەوە سەیری ڕووی بووک دەکات.)

**ژنی گەنج:**

(حاڵی دەبێت مامان بەگومانە.) نەمشاردووەتەوە. سوێند دەخۆم ڕاستیم گوتووە. کەی هەلمان بۆ ڕێک کەوتووە بەیەک بگەین؟ کەسوکارمان مۆڵەتیان نەدەدا تەنانەت لە دووریشەوە یەک ببینین. جا چ جای مۆڵەتی یەکبینینی دووبەدوو!



**مامان:**

جا باشە کچم چۆن دەبێت ئاگر و بارووت لە تەنیشت یەکەوە دابنرێن؟ بەتایبەتیش ئەگەر پێشتر ڕووداوێکی زۆر تاڵ قەومابێت...

**ژنی گەنج:**

ئەویش هەر تۆ پشکنیبووت؟

**مامان:**

نا گیانەکەم. بۆچی مەگەر من ئەوەندە پیرم؟ زۆر زووتر ڕووی داوە. لە کاتی گەنجایەتیی نەنکمدا. بەڵام لەوە بەدواوە ڕووداوی لەو جۆرە دووبارە نەبووەوە. خوا یار بێت هەرگیز دووبارەش نابێتەوە.

**ژنی گەنج:**

پەنا بە خوا.

**مامان:**

وا دیارە ترسەکەت ڕەوییەوە.

**ژنی گەنج:**

(ترسی بەردەوامە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا) ڕەوییەوە.

**مامان:**

با بڕەوێتەوە. ئاشکرایە ترس مرۆڤ لە مردن ناپارێزێت. ئێستا دەتوانین تەماشا بکەین بۆ بەتەواوی دڵنیا بوون. درێژ بە. لە شوێنی خۆت ڕابکشێ.. ڕابکشێ.

(ژنی گەنج لەسەر لا ڕادەکشێت.)

**مامان:**

لەسەر پشت.

(ژنی گەنج لەسەر پشت ڕادەکشێت، بەجۆرێک ئاراستەی سەری بەرەو بینەران بێت.)

**ژنی گەنج:**

بەم جۆرە؟

**مامان:**

بەڵێ. لاقەکانت بەرز بکەرەوە بۆ لای سکت. هەردوو لاقت. کراسەکەشت هەڵکێشە... زۆر باشە.

(مامان کراسی بووک کەمێکی تریش بۆ دواوە هەڵدەداتەوە.)

**مامان:**

سمت هەڵبڕە. هەڵی بڕە، هەڵی بڕە. (دەرپێی ژنی گەنج دادەکەنێت.) ئافەرین. هیچ شتێکی مایەی ترسان لە ئارادا نییە. (لار دەبێتەوە. بەدەستی دەیپشکنێت. دەست لە سکیشی دەدات. لێکدالێکدا دەیپشکنێت. هەڵدەسێت.) جلەکانت بکەرەوە بەرت.

(ژنی گەنج خۆی جلەکانی لەبەر دەکات. هەڵدەسێت، دەستەکانی خۆی لە یەک گرێ دەدات و چاوەڕێ دەکات.)

**مامان:**

ئازاری یەکەمت کەی بوو؟

**ژنی گەنج:**

(دیارە درۆ دەکات) پێش ئەوەی هەواڵ بگەیەندرێت بە ئێوە.



**مامان:**

(تووڕە دەبێت) دەستم بە دامێن درۆ مەکە! کەی بوو؟ دەبێت بزانم. پێویستە من بیزانم. با ئەوانی تر نەزانن، بەڵام مەرجە من بزانم! هیوادارم ئەوەی پێش کەمێک گوتت، درۆ نەبێت.

**ژنی گەنج:**

درۆ نەبوو.

**مامان:**

پرسیاری یەکەم ئازارم کرد.

**ژنی گەنج:**

(کەمێک قسە دوا دەخات) پێش ڕووناکبوونەوەی ڕۆژ.

**مامان:**

پاشان؟

**ژنی گەنج:**

جارێکی تریش سەری هەڵدا.

**مامان:**

پاشان؟

**ژنی گەنج:**

دوای ئەوە ئازارم نەبوو.

**مامان:**

(تاوێک بێدەنگ دەبێت.) دەزانیت کچم، دایکت زۆر باش دەناسم. چەندین ساڵ هاوسێ بووین. بێگومان زۆر خەمگین بووم، بەڵام ناچار بووم بەڕێوەبەران لەم دۆخە ئاگەدار بکەمەوە.

ڕێساکان و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە وا دەخوازن. (دەنگی خاوتر دەکاتەوە) باسی دوایین ئازاریان بۆ بکە. حاڵی بوویت؟

**ژنی گەنج:**

حاڵی بووم.

**مامان:**

ئەگەر نا، سەری ئەوانەی ماڵەوەش بە فەتارەت دەدەیت! لە بیریشت نەچێت ئومێدت بە خوا هەبێت! لەوانەیشە ئەوەی هەستی پێ دەکەیت، ژانی منداڵبوون نەبێت.

**ژنی گەنج:**

(بێچارەیە) پەنا بە خوا! دایک و باوکیشم دێن؟

**مامان:**

نەخێر، چونکە ئەوە پێچەوانەی ڕێساکانە.

**ژنی گەنج:**

هەر هیچ نەبێت با دایکم بانگ بکرێت.

**مامان:**

دابی ئەم کارە شتێکی لەو بابەتەی تێدا نییە. لێپرسینەوە لە ماڵی گومانلێکراوان دەکرێت. لەم کارەدا هەرگیز مۆڵەت بە سۆز و میهرەبانی نادرێت!

(مامان بە بێدەنگی دەگەڕێتەوە بۆ کن ئەوانی تر.)

**پیاو:**

چی بوو؟

**مامان:**

(ڕووی قسەی لە ژنە) با دەستم بشۆرم.



(ژن دەولکەیەک لە ئاوی سەر ئاگر پڕ دەکات، تێکەڵی ئاوی ساردی دەکات و دەیکات بە دەستی ماماندا.)

**ژن:**

مەگەر؟

**مامان:**

(بەدەم وشککردنەوەی دەستییەوە) زۆرم حەز دەکرد، بەڵام قیسمەت نەبوو، قاوەی ماڵتان ناخۆمەوە. گلەییم لێ مەکەن. ڕێسا وایە. پێویستە هەواڵ بگەیەنم. بڵێم چی؟ خۆتان خۆش بن! (ڕووی قسەی لە پاسەوانی یەکەمە) تۆ لێرە چاوەڕێ بکە!

(مامان هێدی هێدی دەڕواتە دەرێ. ژن لە دوای ئەو دەرگە پێوە دەدات. هەمووان خەمبارن. پیرەمێرد لە خەو هەڵساوە. پیاوی گەنج دەچێت بۆ لای ژنی خۆی. پیاوی گەنج و ژنی گەنج یەکتر لە ئامێز دەگرن.)

**پیرەمێرد:**

(سەیری دەوروبەری خۆی دەکات. لە شوێنی خۆیەوە درێژە بە قسەی دەدات.) بەڵام ئەگەر لە من بپرسن، کار جوودا بوو، مردنی کاکم لە خۆوە نەبوو. کوشتیان! بێبەزەییانە لە ناویان برد! (لەپڕ پاسەوانی یەکەم دەبینێت.) ئێوە پاسەوانان، ئێوە! (بە هەڕەشەوە دەست بۆ پاسەوانی یەکەم درێژ دەکات) ئێوە کوشتتان! ئێوە! بەو دەستانەتان برای منتان خنکاند. مرۆکوژینە! پاسەوانانی مرۆکوژ!

(پیرەژن بە بێدەنگی هەوڵ دەدات مێردی خۆی کپ بکات.)

(تاریکی)

٣

(چاوەڕێکردنی پڕ لە شپرزەیی درێژەی هەیە. پاسەوانی یەکەم هەوڵ دەدات هۆی تووڕەبوونی پیرەمێردی بۆ ڕوون ببێتەوە.
پیرەمێرد بێدەنگ کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار بە تووڕەیی بۆ پاسەوانی یەکەم دەڕوانێت.
پیاویش بەناو ژووردا دێت و دەچێت و ناوبەناو لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە دەکات.)

**پیاو:**

وا دێن!

**ژن:**

(ڕووی قسەی لە پیرەژنە) هەر چۆنێک بێت دەتوانیت ڕێ بکەیت. تۆیش هەڵسە بۆ ئەوەی لە ڕێز نواندندا کەموکورتیمان نەبێت.

**پیاو:**

سەر مەخە سەر دایکم!

**پیرەمێرد:**

خنکاندیان! مرۆکوژینە! پاسەوانانی مرۆکوژ!

**پیرەژن:**

ئەمان ئەو پاسەوانانە نین. تۆ هەموو شتێک تێکەڵ دەکەیت.

**پیرەمێرد:**

شتەکان تێکەڵ ناکەم. یەکێکیان ئەم بوو! دەزانم تۆ بوویت ئەی ناپاک! پاسەوانی ناپاک! پاسەوانی مرۆکوژ!



**پاسەوانی یەکەم:**

(ڕووی قسەی لە پیرەمێردە) ئێمە کێمان خنکاندووە بابە؟ من کەسم نەخنکاندووە! (ڕوو لەوانی تر دەکات) ئەرێ ئەمە چی دەڵێت بۆ خاتری خوا؟

**پیاو:**

(بە دەنگێکی نزم) باوکم زۆر پیر بووە. ئەوەندە پیرە، ڕووداوێک کە چەندین ساڵ لەمەوبەر قەوماوە، وا دەزانێت ئێستا بووە. گوێ مەدەرێ!

**پیرەمێرد:**

(بە ئاوازەوە) پاسەوانی مرۆکوژ! پاسەوانی مرۆکۆژ! پاسەوانی مرۆکوژ!

**پاسەوانی یەکەم:**

چاک تووش بووین!

**پیرەمێرد:**

پاسەوانی مرۆکۆژ! پاسەوانی مرۆکوژ!

**پاسەوانی یەکەم:**

بەڵام ئەمە وا نابێت!

**پیاو:**

(وەک ئەوەی بە پاسەوانی یەکەم بڵێت _من چارەسەری دەکەم، ڕوو لە باوکی دەکات) بابە بەسە، بێدەنگ بە! بێدەنگ! (ڕوو لەوانی تر دەکات) هاتن!
(پیرەمێرد بە زیزبوونەوە بێدەنگ دەبێت. پیرەژن و هەموو ئەوانی تر ڕوو لە دەرگە دەکەن. پیاو دەرگە دەکاتەوە.)

**پیاو:**

فەرموون.

**ژن:**

بەخێر بێن.

**پیرەژن:**

خێر و خۆشیتان هێنا.

(ئەندامانی دەستەی دادوەری بە دوای یەکدا دێنە ژوورەوە: سەرۆک، ئەندامی ژن، ئەندامی پیاو، مامان و لە دواییشدا پاسەوانی دووەم.)

**سەرۆک:**

سڵاو!

**ئەوانی تر:**

(ڕێزێکی زۆر دەنوێنن.)

سڵاو!

سڵاو!

فەرموون!

بەخێر بێن!

**پیرەمێرد:**

(بەشێوەیەک کە ئەوانی تر گوێیان لێ نەبێت، پاسەوانی دووەم پێشانی ژنی خۆی دەدات) ئا ئەوەش ئەوی تریانە!

(پیرەژن بە ئاماژەی دەست لە پیرەمێرد دەگەیەنێت کە پیاو تووڕە دەبێت.)



**ژن:**

لە کوێ دادەنیشن؟

**سەرۆک:**

(چاو بەناو ژوورەکەدا دەگێڕێت) با لە جێیەکی کەمێک بەرز دابنیشین، چونکە کارەکە وا دەخوازێت.

**پیاو:**

(بە دەستی جێیەک پێشان دەدات) ئێرە گونجاوە؟

(سەرۆک تەماشای ئەندامانی تریش دەکات. ئەندامان بە لەقاندنی سەر ڕەزامەندی پێشان دەدەن.)

**سەرۆک:**

گونجاوە.

(سەرۆک و ئەندامان دادەنیشن. پاسەوانی یەکەم و پاسەوانی دووەم لای دەرگە بەپێوە ڕادەوەستن.

پیرەمێرد بەوردی تەماشای ئەندامانی دەستەی دادوەری و پاسەوانەکان دەکات.)

**سەرۆک:**

ئەو مێزە بهێنن!

(پیاو و ژن مێزەکە هەڵدەگرن و لە پێش سەرۆک دای دەنێن.)

**پیاو:**

داخوازێکی ترتان هەیە؟

**سەرۆک:**

لەوانەیە بەدەم قسەکردنەوە دەممان وشک ببێت. کەمێکیش

ئاومان بۆ بهێنن و لێره دای بنێن! ژمارەی تەواویش پەرداخ بهێنن!

(ژن سوراحییەک ئاو و چەند پەرداخێکی دار لەسەر مێزەکە دادەنێت.)

**سەرۆک:**

دەستخۆش کچم. بووک لە کوێیە؟

**ژن:**

بێت؟

**سەرۆک:**

یەکسەر! با کات بەفیڕۆ نەدەین.

**ژن:**

(ڕووی قسەی لە کوڕی خۆیەتی) من بانگی دەکەم.

(ژن دەڕواتە ژوورێ. ئاماژە بۆ ژنی گەنج دەکات بێت.)

**سەرۆک:**

ئاشکرایە ئەگەر بووک ئامادە نەبێت، باسی هیچ ناکرێت! (ڕوو لە پیرەژن دەکات) وا نییە!

**پیرەژن:**

ڕاستە!

**سەرۆک:**

هەمووان دەتوانن دابنیشن. پرسیار لە هەرکەسێک بکەین، دەبێت بێتە ئێرە و بە ڕاوەستانەوە وەڵام بداتەوە. حاڵی بوون؟



**ئەوانی تر:**

حاڵی بووین.

سوپاس.

**سەرۆک:**

(ڕوو لە ئەندامانی تر دەکات) دەست پێ بکەین؟

(ئەندامانی تر بە لەقاندنی سەر ڕەزامەندی پێشان دەدەن.)

**پیرەمێرد:**

(بە دەنگێکی نزم قسە بۆ ژنی خۆی دەکات) دوا جار پاسەوانەکان دادگایی دەکەن!

(پیرەژن هەوڵ دەدات بە ئاماژەی دەست پیرەمێرد بێدەنگ بکات. لەوەش زیاتر، وەک مامۆستایەکی شارەزای پانتۆمیم باسی ئەوەی بۆ دەکات کە بووک لە پای ئەوەی پێشوەخت منداڵی دەبێت، دادگایی دەکرێت.)

**پیرەمێرد:**

ژنەکەشی! هەی مرۆکوژینە!

**پیرەژن:**

بێدەنگ بە!

**سەرۆک:**

پێش ئەوەی بێینە ئێرە، سەیرێکی حەوزی ئاوەکەمان کرد. وەک دەزانن، ئەگەر ئاوی بەفری تواوە حەوزەکە بەتەواوی پڕ بکات، مەترسی دەڕوات و دەبڕێتەوە. بەڵام بە داخەوە دیمان حەوزەکە هێشتا بە ئەستوورایی دوو پەنجەی ماوە پڕ ببێت. (بەدەست

پێشانی دەدات.) ئەمەش واتای وایە ئەمڕۆ، یان سبەینێ ئەو بۆشاییەش پڕ دەبێت و مەترسی بەسەر دەچێت. ئەو کاتە، ئەوانەی لە سەرەتای زستاندا ڕۆیشتوون، بە ماڵ و منداڵ، ئارد، شەکر، خوێ، سەوزە، گۆشت و هەموو جۆرێکی تری خواردنەوە دەگەڕێنەوە و بەدرێژاییی نێزیکەی سێ مانگ، واتە تا بارینی یەکەم بەفر لەگەڵماندا دەبن. شایی و لە دایکبوون و بەزم و خۆشی دەبینین. لەگەڵ بارینی یەکەم بەفریشدا، ئەو هاوسەرانەی منداڵیان بووە و ئەوانی تریش ئێرە بەجێ دەهێڵن و دەڕۆن. تا زستانی داهاتوو کار دەکەن و پاشەکەوت دەکەن بۆ ئەوەی ئەمانەی ئێرە بتوانن بە ئاسانی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. پاشان دیسان دێنەوە. دیسان دەڕۆن. کاتێک ئێمە لەم بازنەیەدا چاوەڕێمان دەکرد، کەمێک لەمەوبەر مامان هاتە لامان و ئەم دۆخە چاوەڕوان نەکراوەی بۆمان باس کرد.

(ئەندامی پیاو نیشانەی کۆکینی لێ دیاری دەدات. هەمووان شپرزە دەبن. ئەندامی ژن وەک ئەوەی پیشەی بێت و لەسەری ڕاهاتبێت، سەرینێکی بۆ درێژ دەکات. ئەندامی پیاو سەرینەکە دەنێت بە ڕووی خۆیەوە و بەکپی دەکۆکێت. تفی ناو دەمی دەسڕێت و سەرینەکە دەداتەوە بە ئەندامی ژن.)

**سەرۆک:**

بەداخەوە ناچارم ڕابگەیەنم ڕووبەڕووی شتێک بووینەتەوە ماوەی نێزیکەی پەنجا ساڵە لە وێنەی نەبووە: ڕاستیی زاینی پێشوەخت. منیش وەک ئەندامانی تر زۆر خەمبارم. بەڵام هیچیشمان لە دەست نایەت. ڕێساکان جێبەجێ دەکەین،



چونکە دۆخێکە پێوەندیی بە ئاسایشی ژیانی ئەوانی ترەوە هەیە.

(ئەندامی پیاو دیسان نیشانەی کۆکینی لێ دیاری دەدات. تەنیا یەک سەرینیش سوودی نییە. چەند سەرینێک دەخەنە سەر ڕووی کابرا و پاڵەپەستۆی دەخەنە سەر. ئەندامی پیاو جووڵەی لێ دەبڕێت. مردووە. تەرمەکەی لە شوێنێکی بەرز درێژ دەکەن و بە ڕێزەوە بە بەردەمیدا دەڕۆن.)

**سەرۆک:**

ئێستا با کاتی زیاتر لە دەست نەدەین و کاری خۆمان بکەین. با بگەڕێینەوە بۆ سەر کاری ڕاستەقینەمان. (ڕووی قسە لە مامان دەکات) کەی هەواڵیان بە تۆ گەیاند؟

**مامان:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ) کەمێک لەمەوبەر.

**سەرۆک:**

ئەنجام؟

**مامان:**

یەکسەر هاتم و سەیری بووکم کرد. پاشان هەواڵم گەیاندە ئێوە. بەداخەوە دەبێت بڵێم بووک منداڵی دەبێت.

**سەرۆک:**

دڵنیایت؟

**مامان:**

بێ هیچ گومانێک.

**سەرۆک:**

دەتوانیت دیسان سەیری بکەیت.

**مامان:**

پێویست نییە، چونکە گشت نیشانەکان ئاشکران.

**سەرۆک:**

دەتوانیت دانیشیت. (پیاوی گەنج و ژنی گەنج هەڵدەسنە سەرپێ.) ڕوونتان کردەوە هێشتا نێزیکەی مانگێکمان ماوە بۆ لە دایکبوونێکی ئاسایی. کەچی ئێوە پێش ئەوەی مەترسی بڕەوێتەوە، گەیشتوونەتە قۆناغی منداڵبوون. ئایا دەزانن بەم ڕەفتارەتان گەورەترین تاوانتان کردووە و ژیانی مرۆگەلتان خستووەتە مەترسییەوە؟

**پیاوی گەنج:**

دەزانین.

**ژنی گەنج:**

دەزانین.

**پیاوی گەنج:**

بەڵام ئەمە تاوانی ئێمە نییە.

**سەرۆک:**

ئەوە واتای چییە؟

**پیاوی گەنج:**

گەورەکانمان حسێبیان کرد. گوتیان لە فلان ڕۆژدا دەبێت و لەو ڕۆژەدا شەوی بووک و زارایی پێک هات. تا ئەو شەوە تەنیا لە



دوورەوە ژنی خۆمیان پێشانم دا. هیچ کاتێک نەمانتوانی تەنانەت لە یەکتریش نێزیک ببینەوە.

**پیاو:**

سەرۆکی بەڕێزم، ئەگەر دەستوور بدەن، دەمەوێت قسە بکەم.

**سەرۆک:**

قسە بکەن، بەڵام زۆر درێژی مەدەنێ.

**پیاو:**

کوڕی من ڕاست دەکات. تا ڕۆژی خۆی نەمانهێشت لە یەکتر نێزیک ببنەوە.

**ژن:**

تەنانەت نەمانهێشت پەنجەشیان بەریەک بکەوێت.

**سەرۆک:**

تا مۆڵەت وەرنەگرێت، قسە ناکرێت. تێ گەیشتن؟

**ژن:**

تێ گەیشتم سەرۆکم.

**سەرۆک:**

گریمان هەموو شتێک لە کاتی خۆیدا بووە. بەڵام من تێ ناگەم دەتانەوێت بەم قسانە بگەنە کوێ؟

**پیاوی گەنج:**

ئەمە لە دایکبوونی پێشوەختە.

**مامان:**

(هەڵدەسێتە سەر پێ) بەڵێ سەرۆکم، ئەمە لە دایکبوونی پێشوەختە.

**پیاوی گەنج:**

واتا ئێمە تاوانبار نین.

(بێدەنگی)

**سەرۆک:**

وا بێت، یان وا نەبێت، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئێمە لێرە قسە لەسەر ئەوە ناکەین داخۆ لەدایکبوون پێشوەختە، یان درەنگوەخت. ئێمە بۆ ئەنجام دەڕوانین. ئێستا، واتا پێش ڕەوینەوەی مەترسی، ژنەکەت خەریکە منداڵی دەبێت. ئەوەی بۆ ئێمە مایەی بایەخپێدان بێت، ئەمەیە. بەڵام بێگومان ئەگەر ڕێساکان پێشێل کرابن و پێشوەخت بەیەک گەیشتبن، ئەوەش مایەی بایەخپێدانی ئێمەیە. بەڵام ئەویش بەهیچ جۆرێک کاریگەریی بەسەر ئەنجامەوە نابێت. ئاشکرایە ئێستا دەبێت چی بکرێت. (بە بێدەنگی ڕەزامەندیی ئەندامانی تریش وەردەگرێت.) ئەم ژنە گەنجە بە زووترین کات لە دارەباز دەنرێت و پاشان دەخرێتە ژێر گڵ! مایەی دڵدانەوە دەبێت بۆمان ئەگەر بزانن ئەم بڕیارە ئێمەشی خەمگین کردووە.

**پیاوی گەنج:**

سەرۆکم...

**سەرۆک:**

ئیتر شتێک نەما بۆ قسە لەسەرکردن، چونکە ئەو ژنە گەنجە بۆی هەیە هەر ساتێک منداڵی ببێت. نازانم ئایا پێویستە دووبارەی بکەمەوە ئەو ئەگەرە چی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ بڕوانن، ئەگەر مامان ناڕەزایی هەبێت لە بارەی لە دایکبوونەوە،



بێگومان بە تێگەیشتنەوە جێبەجێکردنی سزاکە دوا دەخەین و دەتوانین گفتوگۆ بکەین. (ڕوو لە مامان دەکات) ئێوە تەنیا کەسن لەم دۆخەدا مافی ناڕەزایی پێشاندانتان هەبێت. ئایا بۆچوونێکی پێچەوانەتان هەیە؟

**مامان:**

نەخێر سەرۆکم.

**سەرۆک:**

با کات بە فیڕۆ نەدرێت و ڕێساکان جێبەجێ بکرێن.

**پیرەمێرد:**

ئەمانە پاسەوانەکان دادگایی ناکەن!

(پیاو و پیرەژن بە ئاماژەی دەست هەوڵ دەدەن پیرەمێرد بێدەنگ بکەن.)

**پیاوی گەنج:**

ژنەکەم لە پای دۆخێک سزا دەدەن کە لە کەمتەرخەمیی خۆمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. ئەمە چییە، چونکە ڕێساکان وا دەخوازن. ئەمە بە مەرجێک ئێمە هیچ شتێکی پێچەوانەی ڕێساکانمان نەکردووە. شایی و شەوی زاوایی و هەموو شتێکمان لە کاتی خۆیدا بووە.

**سەرۆک:**

(بە تووڕەیی) بەڵام ئێمە باسی ئەم شتانەمان کرد کوڕی خۆم. جاری یەکەمە ڕووبەڕووی شتی وا دەبمەوە. نازانم ئایا سوودی هەیە باسی ئەوە بکەم بۆچی گەنجانی ئێمە کاتێک لێرە دەڕۆن یەکسەر دەبن بە خاوەنی کار و هێز؟ چونکە لە بەرامبەر هیچ

شتێک نارەزایی دەرنابڕن! لەو شوێنانەی بەشێوەیەکی کاتیش لێیان دەمێننەوە، درێژە بە ڕەفتارەکانی ئێرەیان دەدەن. با لە بیرمان نەچێت ئەگەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وشەی نائارامی لە فەرهەنگەکان دەرهێندرابێت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەتوندی جێبەجێکردنی ڕێساکان! (توورە دەبێت) تۆ دەتەوێت چی بڵێیت؟ قسە لەسەر ڕێساکان بکەین بۆ ئەوەی ئەو هەموو مرۆڤە بمرن؟

**پیاوی گەنج:**

(زۆر بە سۆزەوە) با ئەو هەموو مرۆڤە نەمرن! بەڵام با ژنی منیش نەمرێت!

**سەرۆک:**

لە نیگەرانی و خەمت تێ دەگەم کوڕی گەنج. ئێمەش گەنج بووین. ئێمەش خۆشەویستیمان کرد. بەڵام پێویستە مرۆڤ بزانێت لە پێناوی ژیانی کەسانی تردا قوربانی بدات.

**پیاوی گەنج:**

(خەریکە دەگری) خۆ منداڵ لەدایکبوون ئەوە نییە تۆ بڵێیت دەبێت و ئەویش ببێت! تکایە بهێڵن کەمێکی تریش چاوەڕێ بکات.

**سەرۆک:**

شتی وا مەحاڵە! ناتوانم خەڵکی گوندێکی گەورە و گران بخەمە مەترسییەوە. یان ژنەکەت، یان مرۆگەلی تر... واتا هەموومان. هیچ چارەیەکی تری مامناوەندی نییە! ئەگەر چارەسەرێک هەبێت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هەموان، بۆچی جێبەجێی



ناکەین؟ (بە بڕیارە) پێویستە بە زووترین کات ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت. واتا ڕێساکان دەخرێنە کار! ئەگەر ئێستا ژنەکەت ژانی منداڵبوون بگرێت، چیمان پێ دەکرێت؟ یەک قیژەی ژنەکەت لە کاتی منداڵبووندا بەسە بۆ ڕوودانی کارەسات. ئەی چی لە گریان و قیژەی ساوای لەدایکبوو بکەین؟ باشە لە دۆخێکی وادا شاخەکان بەسەرماندا ناڕووخێن؟ (لەپڕ توندتر دەبێت) ئەگەر لەسەر قسەکردن بەردەوام بیت، دوور نییە هەمان بڕیار بۆ تۆیش بدەین و جێبەجێشی بکەین! ئیتر بێدەنگ بە!

**پیاوی گەنج:**

سەرۆکم.

**سەرۆک:**

وریات دەکەمەوە! لە بیرت نەچێت! ئەگەر قسە زیو بێت، بێدەنگی زێڕە! سەدان ساڵە ئەمە بەرنامەی ئێمەیە. (ئاماژە بۆ پاسەوانەکان دەکات بکەونە خۆ.)

**پیرەمێرد:**

ئەمانە پاسەوانەکان دادگایی ناکەن! بکوژان نا، بێ تاوانان زیندەبەچاڵ دەکەن!

**سەرۆک:**

ئەرێ ئەوە چی دەڵێیت!!!؟

**پیرەمێرد:**

هێی تۆ کابرا! ئا جارێکیش بکوژانی براکەم دادگایی بکە!

**سەرۆک:**

ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟

**پیرەمێرد:**

ئەو بکوژانە دادگایی بکە کابرا! ئەگەر پیاویت، دادگاییان بکە! بەڵام ناتوانیت، چونکە ئەوان یەکسەر دەتخنکێنن!

**سەرۆک:**

ئا دەمی ئەوەش ببەستن!

(پاسەوانی یەکەم خەریکە بە پارچەیەک پەڕۆی گەورە کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، دەمی پیرەمێرد دەبەستێت.)

**سەرۆک:**

کەمێک دەستوبرد بکەن!

**پیرەمێرد:**

(لە سەرێکەوە هەوڵ دەدات نەهێڵێت دەمی ببەسترێت و لە سەرێکی ترەوە) ئێستا باش لە دەردی براکەم تێ دەگەم. زۆر باش تێ دەگەم.

**سەرۆک:**

(ڕووی لە پاسەوانی دووەمە) ئەوی تریشیان ئامادە بکەن!

**پاسەوانی دووەم:**

فەرمان دەدەن!

(پاسەوانی دووەم دەکەوێتە خۆ بۆ بەستنی دەمی ژنی گەنج.)

**سەرۆک:**

منت تووشی سەرسوڕمان کرد کوڕی گەنج، بەڵام لەبەرئەوەی خەمت گرانە، لێت خۆش دەبم.



**پاسەوانی دووەم:**

(دەمی ژنی گەنجی بەستووە و لە پشتیشەوە دەستەکانی گرێ داوە) تەواوە سەرۆکم.

**سەرۆک:**

(بە دەست ئاماژە دەکات چاوەکانیشی گرێ بدات) کاری خۆت بێ کەموکورتی بکە! (پاسەوانی دووەم چاوەکانیشی گرێ دەدات. بووک لە ترساندا هەڵدەلەرزێت.)

**سەرۆک:**

تەواوە. (ڕوو لەوانی تر دەکات) کەس لێرە ناڕوات! هەمووتان لە ماڵ دەمێننەوە تا ئەو کاتەی کارەکە ئەنجام دەدرێت. (ڕوو لە پاسەوانی یەکەم دەکات) تەنیا تۆ لێرە دەمێنیتەوە. (ڕوو لە ئەندامانی تر دەکات) دەی هەڵسن. با بڕۆین ئەرکی گەواهیدان بەجێ بهێنین.

(سەرۆک و ئەندامان هەڵدەستنە سەرپێ. پاسەوانی دووەم لە بردنی ژنی گەنجدا دژواری دەچێژێت، چونکە بووک بەرگری دەکات و ناخوازێت هەنگاو بهاوێژێت. تەنانەت دەناڵێنێت و دەیەوێت پێشانی بدات کە ناخوازێت بڕوات. سەرۆک هۆشیاری دەداتە پاسەوانی دووەم و ئەویش ژنی گەنج بە ڕاکێشان بەرەو دەرگە بەکێش دەکات. لە دوای ئەوانیشەوە سەرۆک و ئەندامان لەسەرخۆ دەڕۆن. لە کاتێکدا ئەوانی تر بە بێدەنگی ڕاوەستاون، پیاوی گەنج بێ ئەوەی بهێڵێت ئەوان چاویان پێوە بێت، سەری قوتووی هەڵداوەتەوە و فیشەکی ناوەتە بەر لە یەکێک لە تفەنگەکان.)

**پیاوی گەنج:**

(ڕووی لوولەی تفەنگیان تێ دەکات) ئادەی ڕاوەستن!

(لەپڕ هەمووان ڕادەوەستن. هەموویان بەتەواوی سەریان سوڕ دەمێنێت.)

**سەرۆک:**

دەتەوێت چی بکەیت کوڕی خۆم؟

**پیاوی گەنج:**

گوتم ڕاوەستن!

**ئەندامی ژن:**

ئەمە چییە؟ ئەوە چی دەکات؟

**پیاوی گەنج:**

کارێکی وا مەکەن پەنجە لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ هەڵبگرم!

**سەرۆک:**

جا شتی وا دەبێت؟

**ئەندامی ژن:**

باشە ئەگەر پەنجەی لەسەر هەڵبگریت، ناتەقێت؟ ئەی ئەگەر تەقی، چی؟ پەنام بە خۆت ئەی پەروەردگارم!

**سەرۆک:**

بەڵام... بەڵام هەموومان دەمرین!

**پیاوی گەنج:**

بەڵێ. یان ژنەکەم دەژی، یان هەموومان پێکەوە دەتۆپین!

(بێدەنگی)



**پیاو:**

ئەو تفەنگە دابگرە.

**ژن:**

دەتەوێت ئێمەش بکوژیت؟

**پیاو:**

مەگەر دەبێت هەموومان پێکەوە بمرین؟

**پیاوی گەنج:**

ئێوە هەقتان نەبێت بابە.

**پیاو:**

چۆن هەقم نەبێت؟ هۆش بهێنەوە بەر خۆت کوڕم.

**پیاوی گەنج:**

ژنەکەم بمرێت؟ هەرچیم لە دەست بێت بۆ ژیانی هاوسەرم و کۆرپەی چاوەڕێکراو، دەبێت بیکەم!

**پیاو:**

جا دەتوانیت چی بکەیت؟

**پیرەژن:**

هەموومان پێکەوە دەمرین!

**ژن:**

هێشتا گەنجیت. بۆچی مەگەر ژنت دەست ناکەوێت؟ سەرچاوە تۆیت. دەتوانیت لە ژنانی تر منداڵت ببێت.

**پیرەژن:**

دەبیت بە بکوژی دایک و باوکت!

**پیرەمێرد:**

شانازی بە کوڕی خۆمەوە دەکەم!

**پیاوی گەنج:**

ئێوە لێم تێ ناگەن! (ڕوو لە سەرۆک دەکات) کەس جووڵە نەکات! بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، دەی بگەڕێنەوە!

(سەرۆک و ئەندامان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. پاسەوانی دووەم بووک دەباتەوە شوێنی خۆی. لە وەڵامی ئاماژەی پیاوی گەنجیشدا دەم و دەست و چاوی دەکاتەوە. بێدەنگی.)

**سەرۆک:**

زمانم وشک بوو. دەتوانم ئاو بخۆمەوە؟

**پیاوی گەنج:**

بخۆرەوە!

(سەرۆک ئاو دەخواتەوە. ئەندامانی تریش دەخۆنەوە.)

**سەرۆک:**

ئێستا چی بکەین؟

**ئەندامی ژن:**

چاوەڕێی چی دەکەین؟

**پیاوی گەنج:**

(ڕووی قسەی لە پاسەوانی یەکەمە) تۆ! بابە تۆیش.. بڕۆن و سەیری حەوزەکە بکەن! با بزانین دوایین دۆخ چۆنە! خۆتان مەخلافێنن!

(پیاو و پاسەوانی یەکەم دەچنە دەرێ.)



**پیرەمێرد:**

با پاسەوانەکانیش دادگایی بکەین!

(پیرەژن مێردی خۆی بێدەنگ دەکات. هەمووان چاوەڕێ دەکەن. سەرۆک و ئەندامان هەمان کات دەترسن و تووشی سەرسوڕمانێکی گەورەش بوون. پیاو و پاسەوانی یەکەم دوای تاوێکی درێژ دەگەڕێنەوە.)

**پیاو:**

یەک پەنجە!

**پاسەوانی یەکەم:**

بەڵێ، یەک پەنجە.

**پیاوی گەنج:**

جارێکی تر ژانی نەگرت. لەوانەیە مامان بەهەڵەدا چووبێت! ئەمە ژانی منداڵبوون نییە. بەڵام ئەوەندەی نەمابوو لەبەر پشووکورتیی ئێوە ژنەکەم بمرێت. سەیر بکەن، ئایا ژان و شتی وا لە گۆڕێدا هەیە؟

**سەرۆک:**

تۆ دەڵێیت چی کوڕی خۆم؟ پێت وایە مامان درۆ دەکات؟ ئەوە ئێمەش هیچ! بەڵام دایک و باوک و هەموو ئەوانی تریش دەمرن! بەزەییت پێیاندا نایەتەوە؟

(ژنی گەنج لەپڕ بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە.)

**سەرۆک:**

خوایە فریامان بکەویت!

**مامان:**

ئەو ژنە منداڵی دەبێت!

**پیاوی گەنج:**

(ڕووی قسەی لە پاسەوانی یەکەمە) دەمی ببەستە!

(پاسەوانی یەکەم دەمی ژنی گەنج دەبەستێت.)

**پیاوی گەنج:**

ببیە ژوورەوە.

(پاسەوانی یەکەم ژنی گەنج دەباتە ژوورەوە. پیرەمێرد بە بێدەنگی چەپڵە لێ دەدات و نیشانەی شادمانی دەکەوێتە سەر ڕووی.)

**پیاوی گەنج:**

(ڕووی قسەی لە مامانە) برۆ. دایە تۆیش هاوکاری بکە.

**مامان:**

(ڕووی قسەی لە ژنە) لە قاپێکدا ئاوی گەرم بهێنە! زوو!

**پیاوی گەنج:**

خێرا بە دایە!

**سەرۆک:**

(سەری سوڕماوە) ئەی قیژەی کۆرپەکەت!

**ئەندامی ژن:**

(بە سەرسوڕمانەوە) قیژە!

**سەرۆک:**

هەموومان دەمرین!



**ئەندامی ژن:**

دەمرین! دەمرین!

**پیرەمێرد:**

من خۆم بۆ مردن گەڕاومەتەوە. بۆ من وەک یەک وایە. ئێستا باشتر لە براکەم تێ دەگەم. منیش دەمەوێت پێش مردن هاوار بکەم. دەمەوێت هاوار بکەم! هەر ئێستا!

**پیرەژن:**

کڕ بە کورە! دەستم بە دامێن شتی وا نەکەیت!

**پیاو:**

بابە من کوڕی تۆم.

**ژن:**

وا دیارە وادەی فەوتانمان هاتووە.

**پیاو:**

دەبیت بەهۆی مردنم. (بە دەست دەمی باوکی دەگرێت.)

**ژن:**

(ڕووی قسەی لە کوڕی خۆیەتی) من تۆم گەورە کرد. باشە بۆ ئەوە گەورەم کردیت تا ببیت بە هۆکاری مردنم؟ شیر و نانی خۆمت لێ حەڵاڵ ناکەم!

**پیاوی گەنج:**

بێدەنگ بن!

(مامان بە ئاماژەی دەست داوا لە پاسەوانی یەکەم دەکات بچێتە دەرێ. پاسەوانی یەکەم دەچێتە لای ئەوانی تر.)

پاسەوانی دووەم بە دزییەوە لە پیاوی گەنج نێزیک دەبێتەوە. خەریکە قۆڵی بگرێت، بەڵام پیاوی گەنج لەو کاتەدا دەیبینێت و بە قۆناغی تفەنگی دەستی لێی دەدات و دەیگێڕێتەوە دواوە.)

**پیاوی گەنج:**

نەکەیت جارێکی تر دووبارەی بکەیتەوە!

**سەرۆک:**

(ڕووی قسەی لە پاسەوانی دووەمە) گەمژە!

**پیاوی گەنج:**

حاڵی بوویت؟

**پاسەوانی دووەم:**

حاڵی بووم.

(لە ژوورەوە بووک ڕاکێشراوە و ئاراستەی سەری بەرەو بینەرانە. بە بێدەنگی منداڵی دەبێت. مامان بە ئاماژەی دەست لە ژن دەگەیەنێت چی بکات.)

**ئەندامی ژن:**

(بە ترسەوە) بەڵام پێویستە دەمی کۆرپەی لەدایکبوو بەردەوام دابخرێت، چونکە لێکدالێکدا دەقیژێنێت.

**سەرۆک:**

پێویستە تا ئەو کاتەی حەوزەکە پڕ دەبێت، دەمی دابخرێت.

(ناڵە و نرکەی بووک ڕوو لە زیادبوونە. ناڵەکان خنکاون و لە ناخەوە دێنە بەرگوێ. لەپڕ ناڵەی بووک بەکۆتا دێت.

مامان کۆرپەی لەدایکبوو هەڵدەگرێت و دەمی دادەخات.



کۆرپەی لەدایکبوو لە دەستی مامان دەخزێت و دەکەوێتە قاپی ئاوەکەوە. قیژەیەکی زۆر بەرز دێتە بەرگوێ. قیژەی یەک لە دوای یەکی هاوشێوەی قاقا لێدان درێژەی هەیە و گوێی مرۆڤ کەڕ دەکات.

مامان دیسان کۆرپەی لەدایکبوو بە دەستەوە دەگرێت. بێدەنگییەکی تەواو باڵادەستە. دەنگدانەوەی قیژەکان دەبیسترێت. دیسان بێدەنگی. هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ هەرەسهێنانی بەفر.)

**سەرۆک:**

هەرەسی نەهێنا!

**ئەندامی ژن:**

وا دیارە هەرەس ناهێنێت.

**سەرۆک:**

پەنا بە خوا!

**پیاوی گەنج:**

بێدەنگ بن!

(تاوێکی تریش بێدەنگی...)

**پیرەمێرد:**

(سەرەڕای هەوڵی پیرەژن بۆ ڕێ لێگرتنی، پەلاماری تفەنگی دەستی پیاوی گەنج دەدات و دەرگە دەکاتەوە. هاوارێکی زۆر سەرنجڕاکێش دەکات) هۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ! (پاش تاوێک دەنگدانەوەی هاوارەکەی دەبیسترێت. ئەمجار تفەنگ دەتەقێنێت. دەنگدانەوەکەی دێتە بەرگوێ. چاوەڕوانیی پڕ لە

نیگەرانی نامێنێت و شوێن بۆ نیشانەکانی شادمانی خاڵی دەکات. لە دەرەوە دەنگی تەقەی تفەنگ دێت و ئاوێتەی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەبێت.)

پەردە

٤ ئاب ٢٠٠١، ساریگەرمە – ئۆرتاجە – تورکیا